# کورد

# و

# فەرهەنگی بێگانە

www.kerimhisami.com

کەریمی حیسامی

پێشکێش بە هاوسەری خۆشەویستم کە منداڵەکانی لە ئوروپا لە دایک بوون لە ئوروپا زمانیان کردوتەوە بەلام بە کوردی لەگەڵیان دواوە فێری کوردی کردون نەیهێشتوە لە زمانی زگماکیان بێگانە بن و پاش ٢٥ ساڵ دەربەدەری و دووری لە وڵات و لە نیشتمان ڕەوشت و داب و شوێنی کوردەواری پاراستوە.

+++++ ++++++ +++++ +++++

لە هەڵبژاردنی ناوەکاندا لە نامیلکەی کاک هوشیار عەزیزی کەلک وەرگیراوە

سوپاسی تەواوی ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە لە هەڵبژاردنی ناوە کوردیەکان و چاپ و ئامادەکردنی ئەم نامیلکەیە بەشداریان کردوە و یارمەتیان داوە.

گەلاوێژی ١٣٦٢

کەریمی حسامی

www.kerimhisami.com

## کورد و فەرهەنگی بیگانە

رومن رولان نووسەری بەناوبانگی فەرەنسەیی دەلی : " ئەی ئازادی بەناوی تۆ چەندە جنایەت و تاوان دەکەن " .

ئەم قسە بەنرخە لە بارەی گەلیک دیاردەکانی سەرخانی کۆمەڵەوە راستە سەیریکی میژووی مروف بکەین، گشت مەقولەکانی سەرخانی کۆمەڵ وەک ئایین، حقوق، قانوون، ئەخلاق وهتد ـــ هەمیشە ئالەتیک بوون بەدەست پاشا و سولتان و میر و شیخ و دەرەبەگانەوە. بەدەست چینە چەوسینەرەکانی خاوەن دەسەلاتەوە و بۆچەوساندنەوە و رووتاندنەوە و ژێر دەستکردنی هەژار و چەوساوە و بێ دەسەلاتەکان، کەلکیان لێ وەرگرتوون .

ئەگەر بلێین کورد پتر لە هەموو گەلونەتەوەیەک لە ژێر باری ئەو مەقولە و زاراوانەدا پشتی چەماوە، زولمی لێ کراوە، لێی کوژراوە و لە هەموو مافیک بێ بەش کراوە، رەنگە پێمان بلێین ناسیونالیست. باشە . . . قەی ناکا . بەلام ئەگەر ناسیونالیستی کورد هاوار بکا و بلێ : لێمان گەرین ئێمەش وەک گەلانی دراوسێ با لە نیشتمانی خۆمان دا سەربەست بژین، وەک نەتەوەکانی تر بە زمانی خۆمان بخوێنین فولکلور و کەلەپوری نەتەوایەتی خۆمان زیندوو کەینەوە و پەرەی پێ بدەین. لێمان گەرێن با کار و باری خۆمان بۆخۆ بەرێوە بەرین. بۆ ناسیونالیستە ؟ . ئەگەر ناسیونالیست بوو وزیانی بۆخەلک نەبوو بۆچی کافر دەبێ ؟ . جا ئەگەر کوردیک نەخشەی جوغرافیای جیهانی لە پیش خۆ پان راکرد و بە زەرەبین سەیری کرد ولەم دنیا پان و بەرینەدا هیچ نەتەوەیەکی لە خۆی ژیردەستترو بەشخوراوتر نەدیت، بۆ نابێتە ناسیونالیست؟ . واتا پاتریوتیست ـ نیشتمانپەروەر. ناسیونالیزمی نەتەوەی بن دەست هەمیشە باری دیموکراتی و پیشکەوتنخوازی هەیە .

خۆ داخ هەر ئەوە نیە بە کوردی کلول بلێن ناسیونالیست . داخ ئەوەیە کە زور دار و دیکتاتور و شوووینیستە مەزنخوازەکان بە ناوی ئیسلام و ئایینەوە هێندی جارـ ێش بە ناوی برایەتی و هاوولاتیەوە کوردیان کوشتوە، چەوساندوویانەتەوە، دابەشیان کردوە و تووشی ئەم روژەیان کردوە کە تێی دایە .

www.kerimhisami.com

ئەوە چوار ساڵە دەولەتی کۆماری ئیسلامی ئیران، بە ناوی ئیسلام و بە مەبەستی دامەزراندنی حاکمیەتی ئیسلام لە کوردستانی ئیران شەڕی بە سەر گەلی کوردا سەپاندوە. لە هەر شوێنێ بە قسەی بەرێوەبەرانی ڕێژیمی ئیسلامی حاکمیەتی ئیسلام سەقام گرتووبوە، بەشی کورد بۆتە کوشتاری بە کۆمەل، ویرانکردنی شارو گوند، سووتاندنی مەزراو دەغڵ و دانی خەلك، کە ماروی ئابووری و دەربەدەری و ئاوارە کردنی زەحمەتکێشان.

کوشتارو گوللەبارانی ئازادیخوازانی کورد لە پاوەو سنەو سەقز، کوشتاری کریکارانی کورەخانەی سارو قامیش، قەتڵ عامی خەلکی بێدیفاعی گوندەکانی قارنە، قەلاتان، خانەگی، ئیندرقاش و سوکەند، سوفیان، کولیچ، سەرو کانی، گوندەکانی ناوچەی هەوشار، کوشتاری بە کۆمەلی زەحمەتکێشانی سەرچنار، قەرەگول، سەوزی، پایین، کوشتاری خەلکی گوندەکانی کەریزە، دیلان چەرخ، چەقەل مستەفا، خەلیفەلیان بە هاوکاری داروودەستەی کورانی بارزانی، کوشتاری خەلکی بێدیفاعی گوندەکانی شیمالی کوردستان، گوللەبارانکردنی لاوانی مەهاباد، ئیعدامی پێشمەرگە بە دیل گیراوەکان، گشتیان بە ناوی ئیسلام و بۆ سەقامگرتوویی حاکمیەتی ئیسلام کراون. هەر ئەو شێوە ئیسلامە یە کە هێندێ لە مەلا کوردەکانیش ساقەلیان بۆ بە لادا کردوە و لە ئامێزی ئاخوندە شیعەکاندا هەولی بۆ دەدەن.

بۆ کورد واهاتوە. ئەگەر داوای مافی ڕەوای نەتەوایەتی کرد بێ بە کافرو ناموسولمان دانراوە. دەبوایە بکوژری، تالان بکری، لە نیشتمانی خۆی دوور خریتە وە، زمان و نووسینی لێ قەدەخە بکری، فەرهەنگی بێ شێل بکرێ و کوێر بکرێتە وە. بەلام هەر ئەو کوردە ئەگەر خەیانەتی بە گەل و نیشتمانی خۆی کرد بێ، بوو بیت بە جاش و شەرەفی نەتەوەیی خۆی فرۆشتبێ، کوردی بۆ دوژمن کوشتبێ، ئەودەم بۆتە موسولمان و مەرزدار و غیور و فورسانی سەلاحەددین و بە و نازناوولە قەبانە جل و کورتان کراوە. لە مەلا ئیدریس و مەلای خەتێوە بگرە تا دەرەبەگ و خۆ فرۆشەکانی کە ئێستا ڕێژیمی خومینی بە پێشمەرگەی موسولمانی کورد یان ناو دەبا، گشتیان هەر ئاوا بوون. کورد کراوە بە کەلە شێر لە شایی و لە شین سەریان بریوە. بۆ بەرزی ئیسلام بە کوشتیان داوە و ئیسلامیان بێ پاراستوە، هەر بە ناوی ئیسلامیش کوشتوویانە و لە هەموو مافیك بێ بەشیان کردوە.

دوکتور کەمال مەزهەر لە کتێبی " مێژوو " دا دەنووسی . مەلا مەحموودی بایزیدی لە زمانی سولتان سەلیمی دادپەروەر دەگێرێتەوە و کە سولتان سولیمانی دادپەروەر گە راوە ئەستەمبول، دایکی ڕووی تێکرد و پێی گوت . " کورم واتۆ گەرایتە وە، بەلام ئاخۆ لە مەودوا گورجی و قزلباشەکان هێرش ناهێننە سەرمەڵبەندەکانت؟ " سولتان لە وەلامدا

گوتی . " دایکە دیوارێکی پتەوم لە نێوان ئیمپراتوری عوسمانی و دەولەتانی گورجی وعەجەم دا دروستکردوە دوژمن ئیتر پێی ناکرێ هیچ زیانێکمان پێ بگەیینی ". دایکی پرسی :چون توانیت لەو مەودا درێژەدا دیوار دروست بکەیت؟ ". سولتان لە وەلامدا پێی گوت ـ دایکە من ئەو دیوارەم لە گوشت و خوێن دروست کردوە . بە ڕێوەبردنی ئەو ناوچانەم بەرەو رووی هۆزی کوردەکان کردوتەوە . دوژمن ناتوانێ زەفەریان پێ بەرێ و بگاتە ناو دەولەتی ئیسلام .

ئەگەر زۆردار و زاڵم و خوێن مژەکان بە ناوی ئیسلام ئەوەیان بەسەر کورد هێنا وکردیانە دیل و بن دەست ، زاناو ماموستا ئایینیەکانی کوردیش هەر لە هەوڵی پەیدا بوونی ئیسلامەوە دەستیان کرد بە تەبلیغات بۆ زمان وفەرهەنگی عارەب ئایینی ئیسلامیان بە فەرهەنگی نەتەوایەتی کورد دانا . فەرهەنگ وکە لە پووری نەتەوایەتی خۆیان وەلا ناو کوێریان کردەوە .

بۆچی ئایینی ئیسلام کرا بە بەشێك لە فەرهەنگی کورد ؟

عارەبەکان پاش داگیرکردنی ولاتان و سەرکەوتن بەسەرگەلاندا ، فەرهەنگی خۆیان بە ناوی ئیسلام بەسەر گەلانە تەوە ژێر دەستەکاندا سەپاند . داب و شوێن وکە لە پووری نەتەوە داگیرکراوەکانیان کوێر کردەوە . کتێبخانەیان سوتاندن و بەشەق خەلکی تریان هێنا سەر ئایین و دابی خۆیان . گەلی کلۆڵ وچارە رەش و دواکەوتووی کوردیش کەوتە بەر پەلاماری لەشکری عارەب و لە رەحمەت وبەرەکەتی ئایینی پیروزی ئیسلام بێ بەش نەبوو . فەرهەنگ و ئایین وشوێنەواری میللی لێ بێ شێل کرا . فەرهەنگی عارەبخۆی خزاندە ناخی نەتەوەکەمان وبەسەریدا زاڵ بوو. میللەتی نەخوێندەوار و دواکەوتوو گەلی بێ دەسەلات و بێ کەیان و بێ دامەزراوی سیاسی بۆ وەرگرتنی فەرهەنگ وداب و شوێنی بێگانە ولاساکردنەوە ئامادەبی زورە وگورج بەسەریدا دەسەپێنری . بەتایبەت ئەگەر ترس و تەماع و قازانجی مادەی لەگەل بێ . دەسەلاتی عارەب بەسەر کورد وکوردستاندا نەتەماع و قازانجی مادەی لەگەڵ بوو، نەتام و چێژەی ئازادی و سەربەخۆیی پێوە بوو. بەلام خوا هەلناگری بە پێچەوانەی ئایەی شەریفە " لا اکراه فی الدین " مل هوری و ترس وکوشتاری لەگەڵ بوو. ترس لە کوشتن ، لە تالانکردن ، لە کویلە وبەجاریە بردن . کورد زور کەم لە کوشتن ترساوە . بەلام ترس لە غەزەبی خودا ، لە ئاگری جەهەندەم لە گورە وشاری قەبر، ترس لە گورزی مەلائیکەتە سوورە چاو شینەکان ( ازرق العینان اسود الجعدان )، ترس لە پردی سیرات و گەرمای دەشتی مەحشەر و . . . . . کە بەهۆی زانا کوردەکانەوە دەبرا نێو مێشکی خەلك، وازی لە فەرهەنگ وئەدەبیاتی خۆی هێنا و کولتوری عارەب کە ئەودەم گەلیك لە هی خۆی دواکەوتوتر بوو بەسەریدا زاڵ بوو.

www.kerimhisami.com

خۆشه که ر بلێین له سه رەتای ئیسلامەوە دەگوترا موسولمان گشتیان برای یەکترن و له ئیسلامدا به تاعەت وعیبادەت نه بێ فه رق و جیاوازی نیه و که س له کەس زلتر نیە، تی پەر بوونی هەزار و چوار سه د سال به سه ر پەیدا بوونی ئیسلامدا به کردەوە قەت راستی ئەو ته بلیغاته ی نیشان نه دا. ته بلیغاتی عارەب به ناوی ئیسلام و هیوادار کردن به بەهەشتی به رین وحور وغیلمان له لاییك و ترس له ئاگری جهه نده م و ماروعه زیا له لاییکی تره وە ـ کوردەکەی وا گیژ کرد بێ ئه وەی بزانی که ئه م فه رهه نگه له گەل به رژەوەند و قازانجی ئەو دە گونجی یان نا، ملی بۆ راکیشا و ده ستی له عارەبه که ن هه ستاند.

ئه میرو سەردار و گه ورە پیاوانی کورد، که وتنه خزمه ت کردنی موسولمانی بیگانه وگەلی خۆیان له بیر برده وە. شه ریان بۆ عارەب کرد، کوردیان بۆ به کوشت دا، دوژمنیان بۆ شکاند و ولاتیان بۆ گرت. خۆشیان وەك خولام له به رده ستیان راوه ستان. دەسه لاتدار موسولمانه کان له سه رەتای زالبوونیانەوە به ناوی ئیسلام کوردەکه یان وافێر کرد که وابزانی هه رچی به سه ری دێ قه زا و قه دەرە وکاری خوایه و له (لوح المحفوظ) دا نوسراوەو لەگەل کاری خوا هیچ ناکری و هەر بۆخۆی دە زانی چدەکا!. مروف ئه شێ به به شی خوا رازی بێ و شوکرانه بژیر بێ. (الفقرو فخری) یان برده میشکی خه لکه وە. له جیاتی ئه وە که دەستوراتی قورعان بپاریزن وبه سه رچاوگەکەی ئیسلام واز له خه لك بینن، بۆ گیژ کردنی پتری خه لکی هەزار و رەمه کی، به ناوی ته ریقەت شیخ و دەرویش و سوفیان به کوردستان وەر کرد. بۆچاری نه ساخی ودەرمانی ژان ودەردی هەزاران، نوشته ی مه لا و خاك وخۆلی سەر قه بران وچوونی ماله شیخانیان به کوردی کلۆل نیشان دا. مه لا و زانا ئایینیه کانی کورد لەم دواخستن وگیژ کردنی گه له که یان دا بێ ته خسیر نه بوون. له جیاتی روونکردنه وەی خه لك له باری میللیه ت و نیشتمانپه روەری و تیکوشان بۆ سەر بەستی و ئازادی و وەدەست هێنانی مافی نه ته وایه تی، سەر دانه نواندن بۆ زولم و زوری، خزمەت به زمان وفه رهەنگی کورد، بوون به ته بلیغاتچی فه رهەنگ و داب وشوێنی بێگانەو له مزگه وتان بێجگه له باسی نوێژو به هه شت وجهه ندەم وشوکرانه بژێری چیدیکه یان به خه لك نه گوت. مه لا وزانا ئایینیه کوردەکان ته نانه ت وەك (بوگومیل) قه شەی به ناو بانگی بولغاریش ئه وهیممه ته یان نه بوو که به قازانجی نه ته وە که یان له ئا یینی ئیسلام کەلك وەر بگرن و به ناوی ئیسلام خەلك بۆ خه باتی رزگاریخوازی هان بدەن.

له سه دەی ۱۰ ی زایینی دا کاتیك ئایینی کاتولیك و ئورتودوکس به نەقل ونەزیله و به یت وباوی دروستکراوی ئایین میشکی خه لکیان داخنی و به قه شه وپیاوانی خوایان هەلا دە گوت، (بوگومیل) قه شه ی به ناوبانگی بولغاری دژی دەسه لاتی بێ سنووری کلیسا رابوو

www.kerimhisami.com

گەلیك لە حوکم وفتوا ئایینیەکانی رەت کردەوە. داوای لە خەلك کرد کە هەروا کوێر کوێرانە مل بۆ کلیسا رامەکێشن. بوگومیل دەیگوت . "شعور ئینسان لە حەیوان جیا دەکاتەوە کە وابوو ئەشێ هەموو شت بە ئاقل و شعور بکەی". جولانەوەی بوگومیل لە وریا کردنەوەی خەلك و بەر بەرەکانی دژی دەسەلاتی ئیمپراتوری بیزانس نەخشیکی گەورەی هەبوو. هەر بۆیە ئیمپراتور بوگومیلی گرت و بە زیندوویی سوتاندی .

زانا ئایینیەکانی ئێمە ئەوانەی شتیکیان دەزانی کە وتنە سەر نووسینی کتێبی عارەبی و لێکوڵینەوەی فیقهی ئیسلام و زمان وئەدەب و فەرهەنگی نەتەوەکەی خۆیان خستە پشت گوێ زانا کوردەکانی وەك ئیبنوحاجیب، ئیبنو خەلەکان، زەهاوی، حەیدەری، چوری، پینجوینی، بیتوشی، شنویی و هی تر، لە ژیر تەئسیری فەرهەنگی بیگانەدا زمانەکەی خۆیان وەلا نا و خزمەتی زۆریان بە زمان وئەدەبی بێگانە کرد . دەرنگتریش ئەگەر شیعری کوردیشیان گوتبێ لە مەدحی خواو پیغەمبەر و باسی دلداری وجوانچاکی ژن تێ نەپەریوە . بیگانەش وەك پیاوان ناوی کوردیان لەسەر رەش کردوونەوە و لە دیروك و میژوودا بەعارەبیان ناساندوون . لە نێو کورد و مێژووی کوردیشدا بایەخیکیان پێ نەدراوە .

زاناو فیلسوفی مەزنی کورد حاجی قادری کۆیی تەوس وپلار دەگرێتە ئەو زانا کوردانە کە بە زمانی بیگانە دەنووسن وخزمەتی زمان وفەرهەنگی نەتەوایەتی خۆیان ناکەن ودەلێ:

وەك مریشکی کە عەقلی نەی هێنی
بێتوو جوجکە مراوی هەل بێنی
وەك بگاتە کەناری جۆگەلە ییك
نایەتە شوێنی بمرێ جوجەلە ییك
جێی ئەمە وشکە جێی ئەوی ئاوە
تێ دەگا قون درانی پێ ماوە .

بەلێ مەلاکانی ئێمە زۆریان خۆ ماندوو کردوە بۆ ئەوەکە فەرهەنگی بیگانە برازێننەوە پێی هەلا بلێن و لەسەری بنووسن . بۆنموونە شتیکیان بەناوی مەولودنامە ساز کردوە کە هەزار درۆی شاخداریان تێدا هۆندوتەوە .خشتیان لە دیوار دەرپەراندوە، مندارەوەبویان حەلال کردوە، دەریای حەوت ئەوەندەی عەرزوعاسمانیان دروست کردوە ، مەلائیکەت و خاك و خۆلی زەویان لەگەل یەك تووشی دەم بەدەم وچەقە کردوە( . . . . بەلام جاریك سەریان لە لێکوڵینەوە و نووسینی مێژووی نەتەوەکەیان نەبیشاندوە. لەسەر خەبات و تیکوشانی گەلەبەشخوراوەکەیان نەنووسیوە. بەتەنگ دەرد و ژانی و ژیردەستی کوردەوە نەبوون . بۆیە زانای مەزنی کورد حاجی قادری کۆیی دەلێ :

www.kerimbisani.com

عـولـه ما مان بـه قـه ولـێ بـی سـه روپا
پاکـی خیـنکان لـه بـه حـری وشکـی هــه وا

جا ئه گه ر بلێم ئه وەولود نامه ی که ئێستا له کوردستان ده خوێنرێته وه و بۆته پاوا نین‌هـــه رده بـێ جــه نابی مــه‌لا به کۆله زانستیکه وه ئه و هــه موو درۆیه بخوێنیـته‌وه سه‌رتاپا درویه و دژی شه ریعه‌تی ئیسلامیشه ودژی ئاقل و زانستیشه و بۆگه لێکی ژیر و تێگه یشتو خوێندنه وه‌ی شه رمه، له وانه یه کۆلکه مه لای په رزه‌رد، چێوی کوفر ده ستبداتـێ و بیکێشی به سه رما. به لام با ماموستا وه خۆ نه که‌وی. هــه‌زاران ساله له ژێر زولمی زورـدارانـدا سه بری گرتوه و ده نگی نه‌کردوه و ملی بۆ راکیشاوه. با تۆزیکیش‌له حاست قسه ــکانی من سه بری هـــه بێ و بزانی ده لێم چــی.

من ده‌لێم بۆچی یادی له دایکبوونی پیغه‌مبەر به درۆ برازینینه وه؟. بۆچی له یادی هاتنه سه ر دنیای خوشه ویستی خوا باسی ئه خلاق ورەوشتی پاك و راست وئازایه تی و نیشتمانپه روه‌ری ئه و پیاوه مه زنه ناکه ن تا نه خوێنده‌واری کورد ینش‌لێ‌ی فێر بێ و ده‌رسی لێ وه‌ر بگری؟. بۆچی یادی ئەو روژه به جوریك رێك ناخـــه‌ین که نه ته وه که مان بۆخه‌بات و تیکوشان له پێناوی ئازادی و رزگاری‌دا هان بدا؟.

لەم سالانه ی دوایی‌دا ئێواره‌بیك له سالونی سه ر به ده‌فته ری حیزبی دیموکراتــی کوردستانی ئیران ئەم شانازیه درابوو به من که له سه ر وه‌زعــی سیاسی ئیران قسه بکەم. چــه ند ماموستای ئایینیش‌ته شریفیان له وێ بوو. له جه‌نگه‌ی قسه کانم دا یه کیك لــه ماموستاکان هـــه‌ستا و ئیجازه‌ی له به رێوه به رایه تی کۆبوونه وه وه‌رگرت و فه رمووی: گۆتنیکا من هـــه یه". من راوه‌ستام و رێگا به ماموستا درا گوتنی خوێیژی. ماموستا گوتی "ئەزدەخوازم بێژمه کاك که ریم بێژیته مریدی تخۆواز له فه لسه فه‌ی لینین بێنن و فه‌لسه فه‌ی ئیسلام بکه نه رێبازی خۆ". توانیم هـــه ر ئه وه‌نده وه‌لامی ماموستا بده مه وه و بلێم "بیکه‌م من قه ت شیخ و خه لیفه نه بووم و مریدیشم نه بوون. دووەم ئه‌وه هـــه‌زارو چوارسه د ساله وه دوای فه‌لسه فه ی ئیسلام که وتووین. تازه بۆ ئه‌وه که بمان که ن به موسولمان به ناوی ئیسلام تووشی ئەم رۆژه‌یان کردووین که ده‌ی بینین"

ماموستا که له فه لسه فه ی ئیسلام دا وه‌ك ده‌ریا وابوو، دیار بوو له‌ دوو شیعره‌ی زانای کورد حاجی قادری کۆیی بێ خه به ر بوو که باسی ولاتانی ئوروپا ده کاو ده لـێ:

له ته گبـیر و ئـو مــووری ملکـی خـــۆیان
شـــه ریکن پیـــنه دۆز و شـــوان و گاوان

www.kerimhisami.com

لە جوشین و خروش وەك پورە هەنگن
بەمن چی کافرن یانە فەرەنگن

حاجی قادر کە زانایێکی مەزن ونیشتمانپەروەرێکی گەورە بوە وجەرگی بۆ بێ بەشی کورد سوتاوە، باش لەو کەسانە گەیشتوە کە بە ناوی ئیسلامچی یان بەسەر کورد هێناوە، فریویان داوە، کوشتوویانە، چەوساندویانەتەوە، بۆیە دەلێ :

ئەمە کەرمیزە ئەلێن واریسی شەرعی نەبەوین
هەموو عەبدی سەنەمن باسی مەکەگەورەکەیان

زانا ئایینیە کوردەکان زۆریان بوون بە تەبلیغاتچی سولتان وپاشا داگیرکەرەکانی کوردستان. کوردیان بۆ فریو داون، فتوای بەناهەقیان بۆ داون. لە حاستێ ئاوانەکانیان چاویان نوقاندوە. ئەوانە تەنیا بە مەدح وسەنای شاو سولتان ودەرەبەگەکانیشەوە وازیان نەهێناوە. تەبلیغاتی بەدرویان بۆ شیخان کردوە. بە قسەی پرو پووچی وەك : " هەرکەس پیریکی نەبێ پیری ئەو شەیتانە " خەلکیان فریو داوە. یان بە قەولی زانای هەلکەوتووی کورد جەنابی مەلا محەمەدی کۆیی :

لەباتی بەحسی دین و روکنی ئیمان
مەلا بۆیان دەخوێنی مەدحی شیخان
ئەلێ شیخی هەیە ساحیبکەرامەت
نکاتان بۆدەکا روژی قیامەت
گەلیك جاریش دەچێتە فەوقی عەرشی
ئەگەر حەزکا لەلای خوا دائەنیشی
عەوامی قوربەسەرگەروا ئەزانن
جەنابی شیخ بەخزمی خوا ئەزانن

بەلێ، ماموستاکان لەم رێگایەوە بەشێکی زوری نەتەوەکەیان تووشی چارەرەشی دەرویشی و سوفیگەری کرد و بوون بە گیژ و دەستە و ئەژنوی قوژبنی تەکیە و خانەقاکان. ناکوکی و دوبەرەکی نەخشی و قادری و سوفی و دەرویشیش بوو بەسەرباری دەرد و داخی کۆمەلی کوردەواری. حاجی قادری کویی کە دەبینی ئەم تەریقەت وشیخایەتیە هیچی بۆکورد تێدا نیە ئاگر دەگرێ و دەلێ :

بلێ بەوسەرکزولەی قوز پەرستە
بەچاوی کللەدار و ریشی پانی
کەنەفەیکت نەبێ بۆملك و میللەت

www.kerimhisami.com

بەمن چی ( نەقشبەندی) یانەومانی )

خۆداخ هەر ئەوەنیە کە ماموستا ئاینیەکان لە زەمانی کۆن‌دا پشتیان لە زمان و فەرهەنگی میللەتەکەیان کردوە، داخ ئەوەیە کە لە سەردەمی نوێش‌دا هێندێ خوێندەواری کورد بەیت‌وباوی ئەوتۆیان بۆکورد هەلبەستوە کە نەک هەردرووی ـ شاخدارە بەلکوو بلاوکردنەوەشی شەرمەزاریە.

دوکتور کەمال مەزهەر لە کتیبی خۆی‌دا " میژوو" دەگیرێتەوە کە روژنامەی پێشکەوتن کە لە سلیمانی دەرچوە ٧ی ئوکتوبری سالی ١٩٢٠ نووسیویەتی : "کەدەنگوباسی پیغەمبەریتی موحەمەدەلموستەفا ـروحم بەسەدەقەی بێ ـ گەیشتبە هەموو لایەک وغەلغەلەی خستە دونیاوە، وای لێ هات کە لە و وەختەدا گەورەترین سەلاطینی تورکستان عەلقەی بەندەیەتی ئەوسەروەرە بخەنە گوێ. ئوغوزخان کە لەو وەختەدا گەورەترین سەلاطینی تورکستان بوو، پیاو ماقولی کورد بوغدوز ناوی سەروسەکوت ناشیرینی ناردە خزمەت پیغەمبەر. پیغەمبەر کە چاوی پیکەوت لە سەروگویلاکی قیزی بووە. عەشایرو قەبایلی لێ پرسی. وتی لە ئەکرادم. ئەوحەزرەتە ش‌فەرمووی خوای تەبارەکەن تەعالا ئەم تایفەیە موفەق بە ئیتفاق نەکات ئەگینا عالەمیک لە دەست ئەوان وەتەنگ دین.

ئیتر لەو روژەوە دەولەت وەسەلتەنەتی گەورە بو ئەمانە ریک نەکەوتوە."

بەم جورە دەبینین کە بەناوی ئیسلام و لە ژیر پەردەی ئیسلام دا زوردارانی بێگانە نەک هەر کوردەکەیان بن دەست کردوە و لە هەموو مافیکی سەرەتایی بێ بەشیان کردوە، بەلکوو بە بەیت و باوی ئاوا بێ جێ گیژیان کردوە و حاشا لە بوونیش وەک نەتەوە دەکەن. بە تورکی شاخی و بەرەسەنی ئاریایی و بەبرای موسولمان و بە پیشمەرگەی کوردی موسولمانی ناودەبەن. ئاخرەکەشی دەیانەوی ناوونیشان و هەبوونی نەتەوەیەکی نیزیک بە ٢٥ میلیونی بە ژیر لیچەوە بکەن. یان بەقەولی م. لازاریف زاناو روژهەلاتناس بەناو بانگی سوفیتی تورکەکان دەلێن : "کوردی موسولمان لەگەل کافریک وەک یەیک دادەندری".

دوژمنانی کورد گەلێک هەول دەدەن کە حاشا لە بوونی کورد وەک نەتەوە بکەن. بەلام کورد نەتەوەیە و تەواوی ئەو هەل ومەرجەی کە زانستی نوێ بۆ نەتەوەجیگیر بوونی لە بەرچاوی گرتوە ؛( وەک خاک و نیشتمانی هاوبەش زمانی هاوبەش ژیانی ئابووری هاوبەش رەوشت و دابو شوێنی هاوبەش کە لە ژیانی فەرهەنگی نەتەوەدا خۆ بنوێنی ) لە کوردیش‌دا هەیە.

باسی خاک و نیشتمانەکەی ناکەم. هەموودەزانین و دنیاش ئاگادارە کە چون

www.kerimhisami.com

نیشتمانەکەی دابەش کراوە. چوون سەروەت وسامان وبەرهەمی کانگا ژێر زەویەکانی بە تالان دەبەن. لەم چەند لاپەرەشدا جێگا بۆ لێکۆڵینەوە وباسکردنی ژیانی ئابوری هاوبەشی نیوان پارچە دابەشکراوەکانی کوردستانیش نیە. لێمان روونە لەکۆنەوە تائەم رۆ حکومەتە دیکتاتورەکان نەیانتوانیوە پێشی پێوەندی ئابووری و بازرگانی هاوبەشی گەلی کورد بگرن. لەم کورتە نووسراوەدا دەمەوێ بەکورتی سەرنجێکی هێندی کارەساتی مێژوویی و زمان وناوونیشانی کورد بدەم و وەبیری بێنمەوە کە بێگانەکان بەناوی ئیسلام و لەژێر پەردەی ئیسلامەتیدا چییان بەسەر کورد هێناوە و چوون سەرکوتیان کردوە.

پێویستە ئەوەش وەبیر خەینەوە کە لە نێو ماموستا ئاییینیەکانی دووسەدەی دوایی دا پیاوی زاناو نیشتمانپەروەری وەک ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیی، شیخ عوبیدولای نەهری، شیخ بابا، مەلا محەمەدی کویی، مەلا ئەحمەدی فەوزی، پیشەوا قازی محەمەد، مەلا عەبدالکەریمی بیارەیی، هەلکەوتوون کە بەگوێرەی توانا خزمەتیان بە وریاکردنەوەی گەل وزمانوئەدەبی نەتەوەکەیان کردوە.

لەم سالانەی دواییندا گەلێک لە ماموستایانی ئایینی لە پیناوی ئازادی و سەربەستی کورددا گیانی خۆیان فیدا کردوە.

www.kerimhisami.com

## چەند بەسەرهاتێکی مێژوویی

شاعیر و نووسەری بەناوبانگی کورد ماموستا هەژاری موکریانی دەنووسێ :

" ئێمەی کورد بۆ خۆمان مێژووی خۆمان نەنووسیوە . زاناو مێژوو نووسە کوردەکانیش هەر بە بەژن وبالای داگیرکەرانی کوردستانیان هەلکوتوە . هەرگیز چاویان خۆمانی نەدیوە . بیگانە داگیرکەرەکانیش چاویان دەخوارە نمان بریوە و خەونی ناخۆش و پیسیان پێوە دیوین . ئەگەر جارو باریش بۆ بەرژەوەندی خۆیان تاك وتەرا بەدەگمەن یادیان کردوین بە جوێن و نەفرینەوە بۆمان هاتوون و فریان پێدا اوین و هەر بە جارێك بەربادیان کردووین .

کۆمەلێك کوردی بازرگانی هوزی ( باجن ) لەلای بۆتانەوە چونە تایف و لەسەر دەستی پێغەمبەر موسولمان بوون . لەو روژەوە ( باجن ) بەجننی نوسیبەین و هەموو نەتەوەی کورد لەسایەی ئەو نۆموسولمانانەوە لەو تیرەجنوکانەن کەسەرپۆشیان لەسەر لاراوە . سولەیمانی شای جولەکان بەدێو و درنجاندا کە نیزەکی بۆ بەدیاری هاتوون . لە رێگەدا ئەو داوێن پیسانە دەستیان لەگەڵ تێکەڵ کردوون و زگیان پە نە ماندوون و بیژوویان تێدا گوراوە . سلەمان لەو کە نیزە بێشە رمانە تۆراوە . ئەگەرچی عیبری زمانیش بوە بەعارە بی فەرموویەتی " اکردوهن فی الجبال " واتا بەر هەڵدای کێوانیان کەن با کوردیان لێ بکەوێتەوە . ئیتر بەو پێ و دانە هەرچی کوردە و رۆلەی کوردستانە زۆڵە و لە دێوانە و لەوساوە هەڵوەدای کێوانە ". ( شەرەفنامە وەرگیرانی هەژار موکریانی ل ١٤٠-١٣ ؛

ئەوە کورتە یەك بوو کە مێژوو نووسی بیگانە و داگیرکەرانی کوردستان لەسەر کورد نووسیویانە . زانا کوردەکانی ئێمەش کە هەموو ژیانی خۆیان بۆ خزمەت بە ئایینی ئیسلام و زمان و ئەدەبی بێگانە تەرخان کردوە بزانبن پاشاو سولتانەکانی ئیسلام چۆنیان پاداش داوەتەوە وچییان بەسەر کورد هێناوە و ئەو هاوسانی و برایەتیەی کە قورعان باسی دەکا چۆنیان بەجێ گەیاندوە .

هەوەڵین دەسەلاتدارەکانی ئیسلام کە پاش عارەبان بەناوی خەلیفەی ئیسلام خوتبەیان خویندوە، سولتانەکانی تورکی عوسمانی بوون . لەم لاپەرە کورتەدا جێگای ئەوە نابێتەوە کە بەدرێژی جنایەت وتاوانی سولتانی عوسمانی لەگەل گەلی کورد باس بکەین . بەلام دیسان بێ جێ نیە یەك دوو نموونە لە فێڵ و تەڵەکەی سولتانی عوسمانی و حکومەتی ..

عەجەم بگێڕینەوە کە بە ناوی ئیسلام و بە هۆی قورعانی پیروزەوە لەگەڵ کورد یان کردوە.

یەکێك لەو میرە بەدرخانیەکان بە ناوی وسین بەگ لە کوردستان لە سولتان هەڵدەگەڕێتەوە. لەشکر و دام و دەزگا پێکەوە دەنێ وچەند ناوچەی کوردستان ئازاد دەکا. سولتان کاتێك دەزانی بە شەڕ دەروستی نایە، مەحمود بەگی برای بانگ دەکا وخەلاتی دەکا و دەینێرێتە لای وسین بەگ. پشتی قورعانی بۆ ئیمزا دەکا وسوێندی بۆ دەخوا ودەلی " ئەگەر دەست لە شەڕ هەلگرێ و دەخالەت بکا، دەکاتە میرو بەگلکی ئەو ناوچانەکە وا لە ژێر دەستی ئەودانە ". وسین بەگی موسولمان وخاوەن باوەر بە قورعان و بە دینی ئیسلام بە سوێندی سولتان خەونی لە دل دا نامینی و دەخالەت دەکا و دەچێتە ئەستەمبول. سولتانی ئیسلام هەرچەند سوێندی بە قورعان بۆخوارد بوو، سوك وهاسان گرتی و پێچایەوە ولە ولات دووری خستەوە ونارد یە (وارنا) قەراخ بەحری رەشکەی بولغارستان ئەو دەم بن دەستی عوسمانی بوو. وسین بەگیان رووت کردەوە دەست ولاقیان بەست و هەنگوین وشەکراویان تێ هەلسوو دەلبادیان دروو تا بە زیندوی سەری مارو دوپشك وزەرگەتە و ژەنگە سوورە خوارد یان ولە بەین چوو.

فریو دانی کورد بە ناوی ئیسلام وفریو خواردنی کورد بە سوێند و قورعان هەرجار و دووجار نە بوە. هەمزئاغای مەنگور (هەمزئاغای گەورە کە ئیستا هێندی لە نەوەو نەتیژەکانی بوون بە جاشی رێژیمی خومینی) پاش ئەوە کە حەوت سال لە بەندیخانەی سولتانی ئیسلام دادەبێ و بە باشی لە فرو فیلی سولتان تێ دەگا، لە بەندیخانە رادەکا و دێتەوە کوردستان. هەمزئاغا لە شورشی شیخ عوبید ولای شەمزینی دا دەوریکی فرە گرنگی هەبوە، راویژکەری سیاسی وهەلسورینەری کاروباری شیخ بوە لە شورش دا. پاش خەیانەتی دەرەبەگە کوردەکانی مامەش و دێبوکری و شکانی شورشی شیخ، هەمزئاغا دێتەوە ناوچەی مەنگوران وپالی لێ دەداتەوە وسەر بۆ حکومەتی عەجەم دانانوێنن. بەسەرهات وروداوی هەمزئاغا با لە زمانی (حاجی سەیاحەوە) بگێڕینەوە.

" شازادە ئاغا لە لایەن ولیعهدەوە کرا بە حاکمی سابلاغ. دەیویست پوولیکی زور لە هەمزئاغای سەروکی مەنگور بستێنی. هەرچۆنیك بوو حوکمی هێنانی هەمزئاغای لە ولیعهد وەرگرت. هاوار لە دەست ئەو سەرباز و سەرکردانەی کە مەعمور کرا بوون هەمزئاغا بگرن. نە یان دەوێرا تخون ئەو بکەون. غیرەتیان نە بوو لێی وە نیزیك کەون بەلام کاریکیان لەگەل مسکین و رەعیەتان کرد کافر لەگەل موسولمانی ناکا ".

(خاطرات حاج سیاح چاپی تاران لاپەرەی ٢٥٥).

ئەدی لە پاشان ؟ حاجی سەیاح درێژە بە گێرانەوەکەی دەدا و دەنووسی :

www.kerimhisami.com

"علاءالدوله ی ئه میر نظام بوو به پێشکاری ئازربایجان . حسن علیخانی وەزیری فوائد ی کرد به حاکمی سابلاخ . حاکم شیخ الاسلامی نارده لای هــه مزئاغا . (بیگومان له به ر سه یدایه تی وپایه ی بەرزی ئاییبنی بوە ئه و ده لاڵیه به و ئه سپێراوه . نووسەر) . هــه مزئاغا گوتــبوی " ئه گه ر قاجار بایه بروام پێ نه ده‌کرد . به لام وەزیری فوائد عه‌شیره‌ته ئه گه ر سوێندم بــۆ بخوا دێم بۆ سابلاخ ." وەزیری فوائد سوێندی بۆ ده‌خوا وپشتی قورعانی بۆ ئیمزا ده کا . له سوێنده که دا ده‌نووسی ." تامن به زیندوویی له سه ر زەوی بگه رێم له گه ل تۆم وبــۆ پاراستنی گیانت دریخی ناکه م". هــه رچه‌ند سه‌رداری برازای پێ ی ده‌لێ " نابێ بچیه سابلاخ . هــه‌مزئاغا گوێی ناداتێ و بۆ سابلاخ ده‌چێ . کاتیک ده‌گاته حه‌وشی حاکم پێ ده‌نگدان ده‌ستریژی لێ ده‌که ن وبریندار ده‌بێ . به برینداری به خه‌نجه‌ریه کیك ده‌کوژی پاشان ده‌یگرن وسه‌ری ده‌برن ." (سه‌رچاوەی پیشوو لاپه‌ره‌کانی ٣٥٧ — ٣٥٦)

ده‌ڵێن کاتیك هــه مزئاغا بۆ سابلاخ ده‌روا له گوندیکی نێو مــه‌نگوران پیرێژنیك ــ ده‌چێته پێشی و رکیفی ده‌گرێو ده لێ . ز "عــه جه‌م فیڵه زانن . فریوی عه جه مان مه خو . بگه رێوه مــه چو سابلاخ . ده‌تکوژن ." هــه مزئاغا ده‌لێ راست ده‌که ی . به‌لام ئه گه رنه‌چم ده‌ڵێن هــه مزه ترسا . هــه مزئاغای سیاسه تمه دار هــه مزئاغاییکی بروای بــه خه‌رافات وبه‌یت وباوی ده‌روستکراو به ناوی ئیسلام نه بــوو، له به ر خاتری سوێند بەقورعانی پیروز، فریوی خوارد و به داوی عــه جــه مــه وه بــوو .

له شه ری یه‌که می جیهانی دا ، کاتیك کوردستان کرابوو به مه یدانی شه ری ده‌وله‌ته گه‌وره‌کان وگه‌لی کورد له ژێر باری زوڵم‌و زۆری و سورسات وبیگاری حکومه‌تی عوسمانیــــی‌دا ده‌تلاوه و له سه ر فتوای شیخ و مــه‌لاکان به ناوی خه‌زا ودیغاع لــه ئیسلام کورد ده‌کوژراو ده‌بوو به گوشتی ده‌می توپو تالان ده‌کرا و ئاواره ده‌بوو، روناکبیرو نیشتمانپه‌روەریــکی وەك شیخ بابا په‌یدا ده‌بوو که به باشی له فرو فیڵی تورکه‌کان وئیسلامه‌تی به دروی عوسمانیه کان گه‌ییشتــبوو . ئه‌و به‌خه‌لکی ده‌گوت . ئه‌و شه ره خه زا نیه . دروێه تورك داگیر که‌ره . کوردستا نی ویران کرد وه . نابێ فریو بخون وبه خۆرایی خۆ به کوشت بده‌ن . شیخ بابا له گــه ل سه‌رداری بوکان وحه مه خانی بانه وسه‌یفه‌الدین خانی سه قزیش‌پیوه ندی هــه‌بــوه و ئه‌وانه نه‌یانویستوه له شه ری نێوان دوو ده‌وله تی داگیر که‌ردا کورد بببێته ده‌سته چیلــه ی ئاگر وتێدا بسووتی . ئه‌رکان فه‌رمانده‌ی له‌شکری تورك له کوردستانی ئیران له بیرو رای ــ شیخ باباو پیوه‌ندی له گه‌ل سه‌ردار و حه‌مه‌خان وسه‌یفه‌الدین خان ئاگادار ده بــێ و هــه ر چواران گولله باران ده‌کا و وا مه شهوره که شیخ بابا له دار دراوه وله پیش‌هه‌لواسینی دا به سته شیعریکی هه‌یه نیشان ده‌دا که خۆی بۆ چوونه سه‌ر دار ئاماده کرد وه .

www.kerimbisanai.com

سەرداری بوَکان لە ئوروپا خوێندوویە و کوردێکی رووناکبیر وئازادیخواز بووە ولە گەل ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی لەشکری رووسیا پێوەندی هەبوە. سەیر ئەوەیە لەو کاتەدا کە ئەرکان ئەو چوار کوردە نیشتمانپەروەرە ئیعدام دەکا. شیخ حسام‌الدینی هەورامانی لە هەورامانەوە بە ناوی غەزا و بۆ پشتیوانی لە تورکە موسولمانە کوردکوژەکان، دەکەوێتە رێ و خەلك دەنگ دەدا و بەکوردستان دا دەگەری. لە وەش سەیرتر ئەو شیخ ومەلایانەی خەلکیان بۆ ئیسلامی تورك بە کوشتداوە، خۆیان بروایان پێ نەبوە ونەیانویستوە شەهید بن. دەگێرنەوە هەر لەو شەری تورك‌وروس‌دا کە خستوویانتە کوردستان، مەلایەك لە چۆمی مەجیدخان خەلك کۆدەکاتەوە کە بۆ غەزا بچن و لە پێناوی تورك دا بکوژرین. لە سەرگردی (سەولیتە پە) سالاتی روس لێیان رادەپەرن. کوردەکان دەشکێن وجەنابی مەلا لە پێشەوە هەلدێ و خۆ لە سەر ئەسپ نەوی دەکاو دەلێ: "خوایە بۆ خاتری گەورەیی خۆت ئەم جاریش شەهیدمان نەفەرمووی".!

داگیرکەرانی کوردستان کاتێك بە شەر دەروستی کوردەکان نەهاتوون لە رێگای ئیسلامەوە و بە هۆی سوێند وقورعان و فریودانی شیخ ومەلاکان و دەرەبەگە خۆفروشان کوردەکەیان بەردەستو سەرکوتکردوە. داگیرکەرانی زوردارقەت بروایان بە قورعان ویەئیسلامەتی نەبوە. فتوا و ئەحکامی ئیسلام تەنیا بۆ ژیردەستکردنی بێدەسەلات و فەقیرو هەژاران بە کار هێنراوە. زالم وزوردار بێ ئەوەکە گوێ بدەنە ئەحکامی قورعان هەرچی بە قازانجیان بوو پێ کردوویانە. گەلانی بن دەست وبێ دەسەلاتیش وافیرکراون وارا هاتون مل بو قەزاو قەدەر رابکیشن، شوکرانە بژێر بن، دژی پاشای ئیسلام وزوردارەکان کە گویا خوا گەورەی کردوون، نەجوولینەوە.!

بۆ هەرباسی وسین پسەك وهەمزئاغای مەنگور بکەین. لام وایە ئایینی پیروزی ئیسلام لە هەلویست وسیاسەتی شیخ مەحمودی نەمریش‌دا بێ تەئسیر نەبوە. ناچمە نێو باسی چونیەتی شورشی شیخ مەحمودی نەمرەوە. لەم نووسراوەدا جیگای ئەو باسە نیە و میژوو نووس و نووسەرانی کورد زۆریان لە سەر نووسیوە. بەلام هەرچی بێ شیخی نەمر بیرو باوەری ئایینی و پاراستنی ئیسلام لە سیاسەتی کوردایەتی ویا لە سیاسەت بەگشتی بە هێزتر بوە. لێرەدا وە نەبێ بیرو باوەری ئایینی ویا رێزلە دینی ئیسلام بەگشتی جێگای رەخنە بێ. بەلام لەکاتێك دا جێگای رەخنە یە کە تەئسیری نالە بارێکاتە سەرجولانەوەی رزگاریخوازی و ببێتە هۆی فریو خواردن لە دوژمن و فریودانی گەل وهێر وگێژو دەستەوستان کردنی کومەلانی خەلك.

فەیسەلی عارەبی موسولمان، دەرکراو لە مەککە ومەدینان بۆ وەدەست هێنانی

دەسەلات هیچ پاراستنی قورعان وئاپینی ئیسلامی لە بەرچاونەگرت بوو بە پیاوی ئینگلیز وئەوانیش هێنایان کردیانە پاشاو مەلیکی عیراق . بەلام شیخ مەحمودی نەمرنە یتوانی زمانی دیپلوماسی لەگەل ئینگلیز بدۆزیتەوە و بە شێوەی کاتیش بێ سەنگوسوکی لەگەڵ بکا وجێ پێی خۆی قایم بکا . سەرەرای ئەوەکە لە جنایەت وتاوانی تورکەکان دەرهەق بەگەلی کورد شارەزا بوو بایداوە بۆلای تورکە مسولمانەکان ولەگەڵ ئوزدەمیر زابتی تورك پێوەندی دەگرت وسولەیمانی پردە بوو لە زابت وجاسوسی تورك . پێمان خوش بێ یا ناخوش، ئیسلامەتیە کە تا رادەیەك لەو مەسەلەدا نەخشی هەبوە . سەیریکی ئەم دوو پینج خشتەکیە لە بەستە شیعریکی شیخ مەحمود کە بە زمانی فارسی گوتویە بۆمان روون دەکاتەوەکە شیخی نەمر مەسەلەی کوفر و ئیسلامی چەندە بەلاوە گرنگ بوە :

" بارهابر لشکر بدخواه کافرتاختم ـــــ جای استحکام ایشان منزل خود ساختم
دررە دین پروری هم مال وهمجان باختم ـــــ صد هزاران نوجوانرا زیر خاك انداختم
تازکردستان غبار کفر ازان برداشتیم

من که اولاد حسینم این مصیبت‌عار نیست ـــــ کار بامولابود بازمره کفار نیست
داغ دل ازکرد باشد بیم ازان غدار نیست ـــــ حسرتا فردی‌چرا ازقوم‌ما بیدار نیست
ماکه این زحمت برای حفظ قراندا شتیم

دیارە هێنانەوەی ئەم شیعرانە بەومەبەستەنیە کە لە مەزنەتی وشەخسیەت وکورد پەروەری شیخ مەحمودی نەمر کەم بکرێتەوە . بەلام روونکردنەوەی ئەم واقعیەتەش کە بە ناوی ئیسلام هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا چەندە زەبر لە کورد دراوە زیانیکی نیە .

دوژمنانی گەلی کورد هەر چۆنیکی بۆیان لوا بێ ، هەر چۆنیکی لە دەستیان هاتبێ شتیکی ئەوتویان سازکردوە کە کوردەکەی پێ فریو بدەن ولارە مل و دەستەوئەژنۆی بکەن . هیچ نە بێ بە نێوی سەید و شیخ وخەلیفە و نوشتە نووس و دەرویش و مارگرو چاك وپیر خەلکیان گێژ کردوەو کاریکیان بە سەرگە لە کەمان هێناوە ئەگەر بمانەوی باسی بکەین، دەبێ بە تۆن کاغەزی بۆ رەش کەینەوە . کە وابوو هەر واباشترە بەم چەند شیعرەی زانای هەلکە وتووی کورد حاجی قادری کۆیی واز لەم تاقمە فریو خواردوە بێنین .

" خانەقا وشیخ و تەکیەکان یەکسەر
پێم بلێ نەفعیان چیە ئاخر
"غەیری تەعلیمی تەمبەلی کردن
جەمعی ئەملاك و خەزنەکوکردن



www.kerimhisami.com

میللەتی خستە فەقر و دەروێشی

"تەمبەلی کاری حیز وسێ خێرە

دەستی ماندوو لە سەرزکی تیرە

"فایدەی گەر بە ئایە زیکر و دوعا

دەبوو قارون گەدای سەر ڕێگا

"سوفی وەك تشنە بوو لە زیکری هەناو

سەد نوێژی دەدا بە کاسەیێ ئاو

"شیعە وەك تشنە بوو لە شینە زەدەن

بەدەقە ترەدەدا حوسین وحەسەن

www.kerimhisami.com

## زما ن

زمان یێکیك له مــه رجه هــەره گرنگه کانی مانه وه ولێك حالی بوون و بییکیتی هه مــو گه ل و نه‌ته وه‌یه که. زمانی کورد یش‌یه کیك له زمانه کۆن و رەسه نه کانی هیندوئوروپیــه و له ماوەی ساله هاسال بن دەستی و بێ دەرەتانی دابوونی خۆی پاراســتوه.

سیدنی سمیث له بارەی زمانی کورد یه وه دەلی : " له مــەر زمانی کورد ه وەله رۆژگاری تازەدا بیری زانایان گۆراوه و به ریشه ی زمانی فارسی نازانن ولایان وایه زمانێکی ســه ر به خۆیه وکه نارایه وگۆڕانی به سه ردا هاتوه و ناسك وره وانتر بــوه. کورد ی له وفارسیه‌ش کونتره که شوینه واری دارایه. زاناکان دەلین زمانی کورد ی شه ش‌سه د سال بەر لـــه زایینیش‌هــه ر زمانێکی سه ر به خۆوخۆزی بوه. له و چاخه وه که مید یه‌کان هاتوونه ولاتــی مید ی و ئیرانی هاتوونه ئیران گه‌لی کورد یش‌له کوردستان‌دامه زراوه ". ١

وەك له سه رەتاوه باسمان کرد عارەبه کان‌پاش‌داگیر کرد نی ولاتان فه رهــه نگــی خۆشیان به سه رگه لانی بن‌دەست‌دا سه پاند. کاتیك دەستیان به سه ر ئیران داگرت و دەوله تی فارسیان له نێو برد، زمانی فارسیش‌له بره وکەوت تاز ەمانی دەیله مــیه کان که توانیان زمانی کۆنی خۆیان تازه که نه وه و فارسیه که یان بۆخۆ هــه لبژارد. کورد یــش پتر له هــه موو که س‌له به ر نه بوونی که یانی سیاسی که و ته ژیر باری‌ئەم‌فه رهــه نــگ و نه ریته، واتا فەرهــه نگی عارەب نەك ئیسلام. چونکه ئیسلام که قورعان سه ر چاوەوینه چەکه یه تی، برایه تی و داد په روه ری باس‌دەکا نەك ئه وەی به ناوی ئیسلام کراوه و ئێستاش دەکرێ. فەرهــه‌نگی بێگانه‌به ناوی ئایینی ئیسلام به شیوه ییك کاری کرد ه سه ر زمان و ـ که له پو رو داب و شوێنی نه ته وایه تی کورد که زانا کورد ه کان‌به جاریك فەرهــه‌نگ و زمان و نووسین و ته بلیغاتی میللی یان وەلانا و زمان و فەرهــه‌نگی بێگانه یان په ره پــێدا.

مه لاکان ته نانه ت‌له قه بریش‌دا له گه ل مــرد ووی نه‌خوێنده واری کورد که به زیندووی کورد ی باش‌نه زانیوه، به عارەبیان قسه کرد ویا بلێین تەلقینیان داد ا. له سه ره خوشــی و پرسه دا سەر وقوونی فاتیحه یان به‌عارەبی خوێ‌کرد وه. خوتبەی جومعه یان به عاره بــی خوێند وته وه. دوعاو ویرد ی پاش‌نوێژ وختم وته هلیله یان بۆخه لکی نه خوێنده واری‌کورد به عاره بی گوتوه. له کاتیك دا خوێند نه وه و گوتنی ئه وانه به زمانی‌عاره بی نه فەرز بــوه

١ ــ شه ره فنامه وه رگیرانی هەژاری موکریانی لا ٠ ١١٣

www.kerimalisami.com

و نه واجبی دینی . نه تاقه کوردێکیش نیێ گه یشتوه که ماموستا چ ده فه رموێ. ته نیا لاسایی کردنه وه‌یێکی وشك و به هه ند نه‌گرتنی زمانه‌که ی خۆیان .

دیاره هه روا به خۆرایی و به هه لکه وت نه بوه که حکومه ته داگیرکه ره کان کوردستان نه یانهێشتوه کورد به زمانی خۆی بخوێنی و فه رهه نگ وکه له پوری میللی خۆی ببوژێنیته وه و په ره‌ی پێ بدا . یه کێ له سیاسه تمه دارانی ناسراوی ئینگلیز به ناوی (سینیر) گوتوویه . " زمان و ئه ده بیات له نه ته وه‌یه ك بستێنه وه تا باشتر وهاسانتر بتوانی به سه ریدا زال بی " .

خۆ ئه گه ر له رابردوودا زانا و ماموستا ئایینیه کانمان گوێیان نه داوه ته زمان و فه رهه نگی نه ته‌وه‌که یان، ئێستا له سه رده‌می له به ر یه ك هه لوه شانی سیستمی دوسته‌عه رانی و له چاخی رزگاریگه لانی ژێرده ست وله ده وروانی په یدا بوون وسه رکه وتنی سوسیالیزم دا، روناکبیر و خوێنده واره کانمان به داخه وه له م نه خوشیه به دوور نین و نه بوون . له م دواییانه دا قسه کردن به زمانی بیگانه بۆ روناکبیری کورد ببوه جێی شانازی . به لام ئه گه ر نووسین و خوێندنه وه‌ی زمانی زکماکی خۆی نه زانییایه ونه یزانی شه رمی نه ده‌کرد و ته ریقیش نه ده بوه . وای لێ هاتبوو کابرای نه خوێنده واری گوندی چه ند وشه‌ی فارسی فێر ده بوو له سه ر بانان کاوێژی ده کرده‌وه . له نێو خه لك دا خۆی پێ راده نا . زور له کورده‌کانی دانیشتووی شاره‌کانی غه یره کورد له ماله وه به فارسیان قسه ده کرد و له گه‌ل زاروکانیان به فارسی ده‌دوان . ته ریق نه ده بوونه وه که منداليان زمانی کوردی نه زانێ . وادیاره ئه و کوردانه‌ئاگایان له و شیعره به‌ناو‌بانگی زانای به ناوبانگی کورد حاجی قادری کۆیی نیه که ده لێ :

ئه گه ر کوردێك قسه ی بابی نه زانی
موحه قه ق دایکی حیزه و بابی زانی

له کوردی حه زنه کا کوردێ، مه لێن بۆچی وه‌یا چۆنه
له دایکی پرسیار که ن که ئه و پێچوه ی له کوێ هێنا .

با بلێین خوێنده واره کانی شار له به ر کاری ئیداری و خه سله تی لاسایی کردنه وه و خۆرانان به وشه وزاراوی بیگانه وه خۆیان به زمانی زکماکه وه ماندوو نه کرده وه و له گه ل کوردی گوتن زمانیان تیك ده هالێ، به لام مه لاکانیش که له نێو خه لکیان خوێندوه، به نانی خه لك به رێچوون، کاریان هه ر ئه وه بوه که له باری به هه شت وجهه نده م و زه کات و سه‌رفیتره، ئایه ت وحه دیس بۆ کوردی نه خوێنده وار و بن ده ست بخوێننه وه‌و له غه زه بی خوا بیترسێنن . به لام له باری مه سه له‌ی میللی وخه‌بات

و تیکۆشانەی باسی هیچیان نەکردوە. حاجی قادری کۆیی بەهەق ڕوو دەکاتە ئەو مەلایانەو دەڵێ:

"قید و تذبیب وحاشیە و اعراب
هەموو بابردی بوونە مەوجی سەراب
ئێستە مەعلومی بوو هەموو میللەت
ئەی مەلای دەرس و مفتی بێ ئومەت
قید و تذبیب و شرح وحاشیەکان
بوونە سەدی مەعاریفی کوردان

لەم ساڵانەی دوایی دا لە گوندێکی کوردستان لەگەڵ چەند مەلا و خوێندەوار و برادەر، لە ماڵە ماموستاییکی پایەبەرزی ئاییینی بۆ نانخواردن بانگ کرا بووین. پیاو هەق بڵێ هەر کورد دەتوانێ سفرەی ئاوا جوان وتەژی لە خواردەمەنی بە تام و بۆن بۆ میوان برازێنیتەوە. تا مرر بووین خواردمان. پاش ئەوەکە لە خواردن دەست هەڵگیرا، یەکێک لە مەلاکان دەستی پان راکرد و بە عارەبیەکی خەست وبەقەرائەتەوە هەروەک قورعان بخوێنێ دەستی کرد بە دوعاو شوکرانە. بە عارەبی دەپارایەوە دەستیشی هەڵنە دەگرت. کاتێک ماموستا لە دوعای عارەبی تەواو بوو، خۆم پێ رانەگیرا گوتم:

"ئەرێ قوربان خوای تەعالا زمانی کوردی نازانێ و تێ ناگا؟ لە کوردستانی، نانی کوردت خواردوە، لە مەجلیسی کوردەواری، زۆرکەسی کە ئێستا لێرەن لە وقسانەی تۆ حالی نەبوون. بە عارەبی ملەت لە بەر شوکرانەی خوا ناوە. خۆ قیامەت ڕانایێ بە کوردی شوکرانەی خوا بکەی؟. ئەگەر خوای تەعالا هەر عارەبی دەزانێ و لە کوردی حالی نابێ لێی گەرێ، نانی خۆمان خواردوە و براوەتەوە". مەجلیسە کە پێکەنی. ماموستا فەرمووی کە ریم دەست هەڵگرە ڕاهاتووین ڕا. ماموستا ڕاستی دەفەرموو ڕاهاتووین، ڕایان هێناوین، مەسەلەی مەشهورە. خوێیکی بیگری بە شیری بەر ینادەی بە پیری کوردەکەیان وارا هێناوە، وایان فێر کردوە مل بۆ بێگانە رابکیشی، زمان وئەدەبی خۆی بەکەم بزانی، لە تێ هەڵدان و شەپانکاری داشوکری خوای بکا. یەکێک لە زانا کوردە دڵسۆزەکان دەیگوت. "ئەم شۆرشەی ئێران نەبوایە، کوردەکانی ئێران بەجارێک عەجەماوی دەبوون". گوتنێکی راستە. بەداخەوە ئێستاش ڕوناک بیر و خوێندەوارەکانمان بۆئەوە هەوڵ نادەن کە بەباشی نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی فێر بن و مێژوو بەسەرهاتی نەتەوەکەیان موتالا بکەن.

مەسەلەی بوژاندنەوە و پەرەپێدان و پاراستنی زمان، بۆ هەموو نەتەوەیەک کەلێک گرنگە و لە توانای ئەم کورتە باسەدا نیە کە بە درێژی باسی بکا و شی بکاتەوە..

www.kerimhisami.com

که وابوو ئه م باسه به کیرانه وه ی نه قلیك له ( رەسول حه مزاتوف) شاعیری به ناو بانگی داغستانی له کتیبی "داغستانی من" وه رگیراوی کاك عه زیز گه ردی کوتایی پێ دێنم.

"جاریکیان له پاریس تووشی هونه رمه ندیکی داغستانی بووم. قه ده ریك پاش شورش بۆ خویندن چووه ئیتالیا. ژنیکی ئیتالیایی هێنا بوو. له وێ گیرسا بووه. له به ر ئه وەی له شاخانرا هاتبوو له و ولاته حه جمانی نه بوو. زۆری سه فه ر ده کرد. سه ر دانی پێته ختی گه وره ی ولاته دووره کانی ده کرد. به لام ده چوه هه ر شوێنێ تاسەی نه ده شکا. حه زم کرد چاوم به به رهه مه کانی بکه وێ تا ببینم ئه م تاسه وئاره زووی نیشتمانی چۆن به رەنگ و تابلۆ ده ربریوه. راستیه کەی نیگاریك له سه ری نووسرا بوو "تاسه ی نیشتمان" و به م جوره کیشرا بوو.

ــ وێنه ی ژنیکی کێشا بووکه ژنی خۆی بوو. ژنه که به رگی ئافاری خۆمانی له به ر دا بوو. له سه ر کانیه کی چیایی دا وه ستا بوو. گمگمه یه کی زێوی رازاوه ی ده ستکرد ی و ه ستا شاره زاکانی ( گوتساتلی ) به ده سته وه بوو. گوندیکی چول له قه د شاخیکا کرا بوو. خانوه کانی به رد بوون. پشتی کرد بوه شاخیکی له خۆی چولتر که ترویکه که ی له تەمدا نوقم ببوو. هونەرمه نده که گوتی: "ته م فرمیسکی شاخانه که ته لان و لاپاله کان له ته م دا نوقم ده بن دلوپه ئاوی روون به سه رگاشه به رد ی لیر لیر دا دێته خوارێ، ئه و ته مه منم". که له پاریس گه رامه وه چاوم له خزم و که س و کاری هونه ر مه نده که گیرا و دۆزیمنه وه. که زانیم دایکی ماوه و نه مردوه هێد مم گرت. خزمه کانی هه موو له مالیك دا کۆببونه وه و گوێ یان بۆ شل کرد بووم. منیش باسی کورم بۆ گیرا نه وه که ولاتی خۆی به جێ هێشتبوو چو بوه ولاتی بێگانان. دیاره هیوایان لێ نا بوو. بۆیه که زانیان ماوه و نه مردوه زوریان که یف پێ هات. له ناکاو دایکی کوره لێ ی پرسیم:

ــ تۆ به زمانی ئافاری له گه لی دوای؟

ــ نه خیر ته رجومانمان هه بوو. من به روسی قسه م ده کرد و کوری تونیش به فەرەنسی.

دایکه پوشیه کی له و پوشیه ره شانه به سه ر دە م وچاوی دادا که ئافره ته کانمان وه ختی کوریان ده مرێ ده یپوشن.

باران بانی ده کوتا. ئێمه له ئافارستان بووین. له پاریسیش له و سه ری دنیا روله دلنه وازەکه ی داغستان رەنگه گوێی بۆتریه ی باران شل کرد بێ. دایکه به ینیك داما. پاشان هه لی دایه: "سه هوی ره سول. کوری من له میژه مرد وه. نابێ ئه و کوری من بێ. ئه گه ر کوری من بوایه ئه و زمانەی له بیر نه دەکرد که منی دایکی ئافاری فێرم کرد بوو."

www.kerimbisani.com

## جل و بەرگ

جل و بەرگیش یەکێك لە نیشانە و شوێنەوارى گەلونەتەوەیە. فەرهەنگى داگیرکەران و زۆرداران لە بارى جل و بەرگیشەوە کارى کردوتە سەرگەلانى ژێردەست وکوردە هەژارەکەشلە و بەلایەدوور و بێ بەش نەبوە. زانا و خوێندەوار و دەرەبەگى کورد، بۆ خۆ نیزیك کردنەوە لە دەسەلاتدارانى حاکم، زوولاسایان کردوونەوە وئەداى ئەوانیان دەرهێناوە. لە سەرەتاوە مەلا وشیخ وزۆرە خەلیفەجلى خۆیان لە جل وبەرگى نەتەوایەتى کورد جیا کردوتەوە. هێندێ کەس بە ناوى سەید پەرۆیەکیان بەخەمى جولەکە شین کرد و بە ناوى شال لە سەر و نیوقەدیان هالاند و لە ژێر ناوى ئەو پەرۆ شینەدا دەستبرى و گوێ برى نەماکەنەیکەن و خەلك فریونەدەن. کوردى موسولمانى دواکەوتورى نەخوێندەوارینکە چاوى بە شالى کەسك و شین دەکەوت پێ ى وابوو کاك سەید لە لاى خوا هاتوتەوە ونەیدەوێرا مەرتەقى لە بەربکا.

مەلاش بۆ ئەوەکە لە نێو خەلك دا دیاربێ و خۆ بنوێنى کەواى دریژ و میزەرى سپى هەلبژارد وجل و بەرگى نەتەوایەتى خۆى وەلانا و شانازى بە جل و بەرگى بێگانە وەکرد. سەیر ئەوەیە فەقى هەتا نەبوتەمەلا وەك حیسابان جوان لیباسى کوردى لە بەردایە، لەگەل کوو بووبەمەلا، لە کەولى نەتەوەى خۆى دیتەدەر وجلى بێگانە لە بەردەکا. لەکاتێك دا نە سەوزەى سەید و نە کەواى دریژ ومیزەرى مەلا، فریان بە فەرز و سوننەتى ئیسلامەوە نیە. جا ئەگەر ئەوانە هێندێ بۆ فریودانى خەلك و هێندێ بۆخۆنواندن و نەزانى ئەوەیانکردوە، حکومەتە موسولمانە داگیرکەرەکان بە مەبەستى سیاسى و بۆکوێرکردنەوەى شوێنەوار و ناو ونیشانى نەتەوایەتى کورد جل و بەرگى جوانى کوردیان قەدەخە کردوە.

کەمال ئەتاتورك هەوەلین دەسەلاتدارى شووینیستى تورك بوو کە بەناوى یەك بوونى لیباس جل و بەرگى کوردى قەدەخە کرد. ئێستاش لە کوردستانى تورکیا تاقەت لەگەل نەکەن کە ئەوینش هەرقەدەخەکراوە، کورد نا ناسرێ و نازانى کورد هەیە.

لە سوریا کوردەکان کەواى درێژ و چەفیەو حەگالیان بۆخۆ هەلبژاردوە و هیچ نیشانیکى نەتەوایەتیان پێوە نابینرى. هەلومەرجى تایبەتى عیراق وخەبات و تیکوشانى کورد لە کوردستانى عیراق بۆتە هوى ئەوە کەلەکمان بتوانى نەریتو داب و شوێنى نەتەوایەتى خۆى بپاریزى.

www.kerimbisani.com

لە ئێران لەگەڵ هاتنە سەرکاری ڕەزاخانی پەهلەوی کوردەکان خرانە ژێر زەبروزەنگ و تەنگەتاو کران. لە پێش دا زستانی سالی ١٣٠٦ بۆ کوێر کردنەوەی شوێنەوار و ناو نیشانی کوردی بە ناوی لیباسی وەك یەك (متحد الشکل) جل و بەرگی کوردی لە کورد قەدەغە کرا. شەپکە و وولینگیان بە تۆپزی بەسەر خەلك دا سەپاند. لە شاری سابلاخ دژی ئەم فەرمانە خۆپیشاندانی ئیعتراز ساز کرا. نیزیکەی ٥٠٠ کەسیان لە شاری سابلاخ گرت. ئاژان و ئەمنیەی حکومەتی پەهلەوی هەزاران نێفەکی کوردیان بری. سەروپێچیان سووتاندن. شاقەلی مەڵایانیان بری. مێزەریان ئاگر تێ بەردان. بە بیانووی قەدەغە کردنی جل و بەرگی کوردی خەلکیان دەروتاندەوە و دەیان خستە زیندان و شەلاقکاریان دەکرد. ئەمنیە بە دیهات دا دەگەران و سوکایەتیان بە خەلك دەکرد. لەم ناوەدا مەلا خەلیلی گور ئومەری کە یەکێك لە زانا گەورەکانی ناوچە و لە نێو عەشیرەتی مەنگوردا رێز و پرستیژێکی زۆری هەبوو دەیزانی قەدەغە کردنی جل و بەرگی کوردی کوێر کردنەوەی شوێنەواری نەتەوایەتیە. دەیزانی لە وەهەل و مەرجی دواکەوتووی کوردەواری و یەکە بوونی سەرۆك عەشیرەتەکان و بەناوی نەتەوەگەری هیچ ناکری. باری ئاینی بۆ مەسەلەکە هێنا گۆڕ و لە سەر نانی شەپکەی بە کوفر دانا.

مەلا خەلیل فتوای دا کە هەرکەس کلاوی پەهلەوی لە سەر بنی کافر دەبی. لەم رێگایەوە داوای لە خەلك کرد دژی رێژیمی دیکتاتوری پەهلەوی راپەرن و ملبو فەرمانی حکومەتی عەجەم راماکێشن. لەگەل سەرۆك عیل و عەشیرەتەکانی مەلبەندی موکریان پێوەندی گرت و داوای لی کردن کە بەربەرەکانی بکەن. مەسەلەی کلاو لە نێو مەلاکانی ناوچەدا بوو بە جێگای باس و دەمەتەقەوقیل و قالی مەلایان. هەرچەند زۆر لە مەلاکان لەگەل فتوای مەلا خەلیل هاو دەنگ بوون، بەلام بەگوێرەی خەسلەتی خۆپاریزی و فێر بوونی مل راکێشان بۆ زولم و زۆری و شوکرانە بژێری بە قەزاو قەدەر، بێجگە لە حاجی بایزئاغای ئیلخانی لە مەلاکان کەس بە دەنگ مەلا خەلیلەوە نەهات. سەرۆك عەشیرەتو دەرەبەگە خائینەکانی کورد، بێجگە لە بەشێکی گەورکان، لە بەر ناتەبایی و خۆبە زل زانین و نوکەری بیگانە، نەك هەر بە بانگەوازی جەنابی مەلاوە نەچوون، بەلکوو لەشکریشیان لێ کرد و لەگەل حکومەتی عەجەم بە گژی دا چوون. جولانەوەی مەلا خەلیل کە بوتە مادەی تەئریخ و ئیستاش لە نێو کومەلانی خەلکی ناوچەدا بە ناوی (هەرای مەلا) مەشهورە، لەگەل عەشیرەتی مەنگور هەشت مانگ دژی حکومەتی پەهلەوی شەری کرد. خو ئەگەر دەرەبەگە خائینەکانی مامەش و دیبوکری یارمەتی لەشکری عەجەمیان نەدابا لەوانە بوو جولانەوەی مەلا خەلیل

www.kerimbisani.com

له وریاکردنه‌وه‌ی کۆمه‌لانی خه‌لکدا ته‌ئسیریکی گه‌وره‌ی هه‌بێ. ده‌لێن مه‌لا خه‌لیل ویستوویه له‌گه‌ل سمایلاغای سمکۆش پێوه‌ندی بگری.

حکومه‌تی ره‌زاخان پاش شکانی راپه‌رینی مه‌لا خه‌لیل نه‌ک هه‌ر جل و به‌رگی کوردی قه‌ده‌خه کرد و ئه‌م شوێنه‌واره میللیه‌ی کوێر کرده‌وه، به‌لکوو ئه‌منیه‌ی تریان کیش و جوجه خورێنی به‌سه‌ر چاره‌نووسی گه‌لی کوردا زال کرد. ئه‌و سه‌رۆک عه‌شیره‌ت و ئاغایانه‌ی راویان بۆ ره‌زاشا کرد بوو، کرانه قونی شه‌پان وئه‌منیه زاتی هه‌بو سوکایه‌تی به‌خان و سه‌رداری کورد بکا.

ره‌نگه سیاسی و روناکبیری ئه‌و تۆهه‌بێ که تازه به‌سه‌ر سیاسه‌تدا که وتوه و ئاگای له‌میژووی خه‌باتی میلله‌تانی تر نیه، لای وابێ که جولانه‌وه‌ی مه‌لا خه‌لیل باری مه‌زهه‌بی توخی هه‌بوه و هیچی تر. جا خو ئه‌گه‌ر ئه‌و بیرو رایه راستیش بێ و ئه‌گه‌ر زانایانی کورد بۆ وریاکردنه‌وه‌ی خه‌لک و بزواندنی هه‌ستی نه‌ته‌وایه‌تی و نیشتمان په‌روه‌ری، له ئایین که‌لکیان وه‌رگرتبایه، جیگای سوپاس و رێز لی گرتن ده‌بوون. به‌لای منه‌وه هه‌ر رای مه‌لا له نێو مه‌نگوران نێوه‌رۆکی نیشتمانی و نه‌ته‌وه‌یی هه‌بوه. ئه‌شێ لێکی بده‌ینه‌وه که راپه‌رینه که دژی کێ بووه؟. هیزی راپه‌ریو کام چین و توێژی کۆمه‌ل بوون؟. دیاره ئه‌گه‌ر هه‌ل و مه‌رجی ئه‌و ده‌می کوردستان له‌به‌رچاو بگرین بۆمان روون ده‌بێته‌وه که نه‌خوێنده‌واری و دواکه‌وتووی خه‌لک نزمی هه‌ستی نه‌ته‌وایه‌تی، نه‌بوونی ریکخراوی سیاسی ریگای نه‌داوه که به‌ناوی ئازادی و مافی نه‌ته‌وایه‌تی خه‌لک ده‌نگ بده‌ری. مه‌گ خه‌لیل ریگاییکی هه‌لبژارده‌وه که ئه‌وده‌م خه‌لک باشتر وه‌دوای ده‌که‌وتن. هه‌موو جولانه‌وه‌یه‌ک ره‌نگه له سه‌ره‌تاوه‌کز و بێ به‌رنامه‌و ته‌نانه‌ت باری سیاسی وکومه‌لایه‌تیشی روون نه‌بێ. به‌لام به‌مانه‌وه‌و درێژه پیدان، گۆرانی به‌سه‌ردا دێ و ریگای راست ده‌دوزێته‌وه. نابێ راپه‌رینی مه‌لا خه‌لیل یش له‌م قایده‌یه جیا بکه‌ینه‌وه. به‌داخه‌وه میژووهه‌ل و مه‌رجی راپه‌رین و سه‌ربزێوی عیل وعه‌شیره‌ته کورده‌کان له کوردستانی ئیران نه‌نوسراوه و له‌بیر چوونه‌وه. به‌لای منه‌وه راپه‌رینی جاغسر سولتان، هه‌لگه‌رانه‌وه‌ی ئومه‌رپاشا (کویخا ئومه‌ری قه‌له‌ره‌شی)، راپه‌رینی جوانروییه‌کان گشتیان به‌گوێره‌ی هه‌ل ومه‌رج و ویست و داخوازجه‌وهه‌ریکی نیشتمانی و نه‌ته‌وایه‌تیان هه‌بوه.

دیاره باسکردنی هه‌ر رای مه‌لا خه‌لیل ئه‌وتاوانه‌گه‌وره‌یه‌ و ناشواته‌وه که دژی کوماری دیموکراتی مه‌هاباد وه‌ستاو حوکمی ئیعدامی پیشه‌وا قازی محه‌مه‌دینی ئیمزا کرد. کومه‌لانی خه‌لک قه‌زاوه‌تی خۆیان ده‌که‌ن.

www.kerimhisami.com

## ناو

ناویش بۆ خۆی دیاردەونیشانیکی نەتەوایەتییە ولەسەر ناساندنی نەتەوەیی تەئسیر نیە. کابراییکی سوئیدی یا ئەلمانی یا رووس یا عارەب قەت ناوی کوردی لە منالی خۆ نانێ. فەرهەنگی عارەب بە ناوی ئیسلام ئەودیاریەشی لەگەل خۆی بۆ کورد هێنا. کوردەکە چونکە موسولمان ببوو دەبوایە ناوی عارەبی (ئیسلامی) لە منالی بنێ. مەلاکان ئەوەشیان لێ زیاد کرد کەئەگەر ناوی ساکار بێ، خێری بۆ دایک و بابی کەمترە. چونکە موسولمانە بۆ ئەوە دایک و باوکی زاروک پتری خێر بگاتێ باشترە (عەبد) یکیشی بە کلکی ناوەکەوە بنووسینن. تا نیشان بەری و بزانی کە بۆعەبدایەتی و کۆیلەتی و ژێردەستی دروست کراوە. لەسەر بنچینەی ئەم فیکر و بیر و باوەرە، ناوی کوردی کوێر کراوە و هەزاران عبد الرحمان وعبد الكريم وعبد المناف وعبد الغفور ومەغدید ومەعصوم وكلثوم وعوسمان وعەلی بە کوردستان وەرکرا. زاروکی کورد فێر دەکرا کە دەبێ حەوت پشتی پیغەمبەر بەرێتەوە سەر یەک کە هەموویان بوت پەرست بوون. بەلام ناوی سەرداریکی کوردی فێر نەدەکرا.

کاتێک عوسمانیەکان بوون بە خەلیفەی ئیسلام و بەناوی ئیسلام دەستیان کرد بە دروستکردنی حەرەمخانە و چەپەلترین کار و کردەوە دەستیان بەسەر هێندێ وڵاتی ئوروپاییش دا گرت. ئوروپاییەکان موسولمان نەبوون و خوای تەعالا لە نیعمەتی فەرهەنگی ئیسلام بێ بەشی کرد بوون. هەرچەندە ماوەی ٥٠٠ سال بن دەست و موستەعمەرەی تورکە موسولمانەکان بوون، چونکە فەرهەنگ و دابوشوێنی نەتەوایەتی خۆیان پاراستبوو، ناو ونیشانیان کوێر نەکرایەوە. ئەومەسەلە لە خۆی لە جولانەوەی رزگاری خوازی گەلانی نا موسولمانی بن دەستی عوسمانیدا، نەخشی گرنگی هەبوو. نەمەلای موسولمانی هەبوو بە قازانجی خەلیفەی ئیسلام دژی میللەتەکەی خۆی فتوای نابەهەقی بۆ بدا و بۆ قەزاوقەدەرملی بێ راکیشی، نە بروای بە فریودان و قورعان خواردنی سولتانی ئیسلام هەبوو. نەمەلای وەک ئیستای کوردەواری هەبو کە هێندێکیان بۆ نەختەدراویک شەرەف ومیللیەتی خۆیان فروشتوە و رەگەل ریژیمی جنایەتکاری ئیسلامی کەوتوون.

www.kerimhisami.com

تورکه کان هــه رچه ند ناوی ئیسلامیان لەخۆنابوو بروایان به ئاییني ئیسلام نه بوو.
ناوی ئیسلامیان ته نیا بۆ مل هوری و فریودان و ژیرده ستکردنی که لانی تر به کار ده‌ـ
هێنا. ته ماشا بکه ین به ده گمه ن ناوی عاره بیان له زاروکی خۆناوه . ئیستاش ناوی ـ
عاره بی له نیو تورکان زور که مــه. هــه موو ناوی مه غول و تورك وتاتاره.

فارسه کان دوای ئه‌وه که له ژێر ده ستی عاره به کان رزگار بوون، ناوه کانی ساسا
نی و ئه شکانی و چی و چی یان زیندوو کرده وه. ئێستا ده بینین له به ر ناوی هوشه نک و
ئیره ج و فه ره یدون و بهروز و شهرام و . . . رێـی زێداری نـیه. به لای منه وه ـ
ئەم ناو لیٚ نانه هــه روا ساده نیه . حکومه تی شووینیسته کان هــه رکاتێ ده سه لاتیان
هــه بوه، ناوی شار و گوند و شه قام و ناوچه و شوێنه واره میژوو‌ییه کانیان گۆڕیوه و ناوی
خۆیان له سه ر داناوه. ویستوویانه ناوی ئه و شوێن و مــه لبه نده له بیر خاوه نه که ی‌ـ
به رنه وه. زه‌مانی سه فه ویه کان هــه ر پاش داگیر کردنی کوردستان ویا (دابه شکردنی
کوردستان) ناوی گونده کانی کوردستانیان گۆری و ناوی تورکیان لیٚ نان . ژه نرال ـ
به ناهیان که یه‌کیك له ئازادیخوازانی ئازربایجان و ئه ندامی فیرقه ی دیموکراتی ئازر‌ـ
بایجان بوو، له نووسینیکی خۆی دا به ناوی (جوغرافیای ئازربایجان یا مه لبه ندی تورك
نشین) هــه رگوندیکی لەکوردستان (که ند) ئه م ناوه شوومه ی تورکی به دواوه بــێ
با قه ت تورکیشی لیٚ نه ژیا بیٚ، به تورك نشینی داناوه.

تورکه عوسمانیه کان ناوی گشت گونده کانی کوردستانی تورکیایان گۆڕیوه وناوی تور‌ـ
کیان لیٚ ناون. ئیسرائیل ناوی شاروگونده کانی فه له ستینی داگیر کراوی گۆڕیوه وناوی
جووله که یا عیبری لیٚ ناون. له سوریا چزیریان ناو ناوه (حه سکه) و به‌ناوی پشتینده‌ی
عاره بی هــه زاران ماله‌کوردیان له سه ر ئاخی باو وباپیران ده ر کردوه و خیله کی عاره
بیان لیٚ نشته جی کردوون. له عیراق پاش شکانی جولانه وه ی کورد ناوی گه لیك شارو
گوندی کوردستانیان گۆڕیوه و ناوی عاره بیان لیٚ ناون. له کوردستانی ئیران ریژیمی کونه
په رستی ئیسلامی ده ستی کردوه به گۆڕینی ناوی شار و شه قام و مــه لبه ندی کوردستان
و ناوی بیگانه یان لیٚ ده‌نی. بۆ نمونه . مــه یدانی چوار چرا ده کاته ( شارداری)
شه قامــی قازی‌محه مــه د ده کاته (جمهوری ئیسلامی) شه قامی بداغ سولتان ده‌کا
تــه ( فه له ستین) شه قامی یه رغوو ده‌کاته خلفای راشدین ) شه قامی پیشمه رگه ـ
ده‌کاته ( قدس) کرماشان ده کاته ( باختران ) . چیاکانی مه لبه ندی حاجی ئومه ران
و باله ك به ناوی (صدر) ده‌کا. بیگومان ئه گه ر حکومه تی ئیسلامی خومینی ســه قام
گرتوو بیٚ، قازی شنوبه ( قازی خضری) ده بیٚ ناوی خۆی بنیٚ ( زولفه لــی ) .

www.kerimhisami.com

نەك هەر ئەوە، لە ولاتی پێشکەوتنخوازی موسولمانی سوریا، کوردەکان ئەگەر ناوی عارەبی لەزاروکیان نەنێن، پێناسیان نادەنێ و بۆیان تومار ناکەن. چەند سال لەمەوبەر کوردێکی سوریا منالێکی دەبێ و دەچێ پێناسی بۆ وەرگرێ. بەرپرسی ئیدارە لێی دەپرسێ:

– ناوچی یە؟

– ناوی حەسویە

– ئەم ناوە عارەبی نیە و ئەشێ ناوی عارەبی لێ بنێی

– کوری خومە و ئەم ناوەم لێ ناوە.

– نابێ، ئەشێ ناوی عارەبی بێ.

باوکی کور کێشەیەکی زور دەکا. بەلام کێشە لەگەل زوردار فایدەی نیە دەلێ بنوسە

– بنووسە ... ناوم بۆ دیتەوە

– چی یە؟ بلێ تا بنووسم.

– بنووسە .. گرو

– مانای چی یە؟ یانی چی؟.

– کابرای کورد مانا عارەبیەکەی پێ دەلێ

– باشە ... بەلام ناوە عارەبیەکەی دەنووسم.

کوردەکان ئەگەر مندالی بوو، ماموستا بانگ دەکا تا بەر لە هەموو شت حەوت ئەلاهو ئەکبەری بەگوێچکەدا بخوێنێ. ناوێکی عارەبی ئیسلامینی بۆ بدۆزێتەوە. دیارە عارەبیەکەی هەتا خەستتر بێ، خێری بۆ دایك و باوکی پترە. جا خۆ ئەگەر لە کۆندا خەلك چاووگوێی نەکرابووەوە و مەلا وەپێشی دەکەوت، ئێستاش لە کاتێکدا کوردستان بە ئاگری توپ و خومپارەی ریژیمی ئیسلامی دەسووتێ، دیسان مەلا و زانا و خوێندەوارەکان دەستەلنا گرن و دەیانەوی گەلەکمان هەر ئاوا گێژو وێژ بێ.

ماوەیەك لەمەوبەر کاتێك لەبەر توپبارانی ریژیمی کوماری ئیسلامی جیگامان دەگوێزتەوە، لەگەل خوێندەوارێکی موسولمانی کورد، ریگامان کەوتە مالێ هاورێییك. تازە کیژێکی ژیکەلەیان ببوو. گوتمان با ناوی لێ بنێین. من ناوێکی جوانی کوردیم پێشنیار کرد. زۆری قسە لەسەر کرا. ئاخرەکەی حەوتناومان نووسی و راست ئەم ناوە دەرچوو کە من پێشنیارم کرد بوو. پاش ناو لێ نان، ماموستا یا زانا یا دوکتورێکی لەگەلم بوو بانگ کرد. "ئا بێرن" واتا بیهێنن. زورم پێ سەیر بوو. ماموستا منالەکەی لەسەر کوشی دریژ کرد و ئەلاهو ئەکبەر ... ئەلاهو ئەکبەر .. بانگی محەمەدی بەگوێچکەدا

www.kerimhisami.com

خوێند . هیچ نه مـزانی فه لسه فه ی ئه م بانگه چی بوو؟ . ئه‌وه‌ند الله له م بانگه چیی تیکه یشت؟ . فه رقی ئه و مـه لوتکه یه که دوکتور بانگی به گوێ دا خوێند ، له‌گه ل ئـه و مناله ی که بانگی به گوێ دا نا خوێنن چی یه؟ . نه من و نه ماموستا هیچمان له وه تێ نه گه یشتین . به لام من به ته واوی بروام به وه هـه یه که ئه وکیژه له سه‌رده میك دا پێ ده گا ، به یت و باوی ئه فسانه یی باوی نامینێ . بانگی ماموستانی بایی پوولیك کار ناکاته سه ر مێشکی ئه ومناله .

سالی ١٣٥٣ رێم‌که وته کوردستانی گه رمین و له سه ر رێگای رانیه سوله یمانی لـه چایخانه ی‌کانی وه تمان لام دا . چایخانیکی خۆش ، فینك ، ئاووهـه وابیکی سارد وساز کار . له هاوین‌دا ناکرێ به وێ‌دا تێ په ری و لا نه ده ی . کورێکی هـه رزه کار ، جوان چاك له ته مـه نی ١٤ــ ١٥ سالی دا به ناوی ( مـه غدید ) شاگرد چایچی بوو . بانگیان ده کرد . مه غدید چا بێنه . . . مه غدید ئاو بێنه . . . مه غدید . . پێم سه یر بوو . کورد وه غدید ، ئه ویش له م کەژوچیایه . بانگم کرد .

ــ ئه رێ کاکه له م‌چیاوکه ژه تو بۆچی مه غدیدی ؟ . ئه گه ر له بیابانی وشك و بێ ئاوی عـه ربستان بای قه یدی نه بوو ، مه غدید پر به پیستی بوو . خولا هـه لناگرێ ــ مـه غدید بۆ ئه م چیا وکه ژه نابی . له وه لام‌دا گـوتـی :

ــ ماموستا جا من چی بکه م . نازانم چی به دایك و باوکم بلێم . توخوا ماموستا بۆچی ئه‌و ناوه م لێ ناگوری ؟ . چـه‌ند ماموستای قه لا دزه له وێ‌بوون . پاش راووته‌گبیر له سـه ر خێران ناومان نا ( سواره ) . به خاوه نی چایخانه‌وشاگرده کانم گوت . له مـه‌و بـه دوا مـه غدید نیه و سواره یه . شتیکم نووسی و له دیواری چایخانه م دا . تکام کرد له مه ودوا به سواره ی ناو به رن . تکام له خاوه‌نی چایخانه کرد ئیجازه ی‌بدا ئه وانه بچێ له گوند ده رس بخوێنی . پاشماوه بیك رێم‌که وته وه ئه و شوێنه . چه ند ده فته ر و قه له م و کتیبم بۆ سواره برد بوو . سواره جێ ی گرتبوو . کوره که فره مـه‌منوون بـوو .

له وانه یه خوێنه ری‌به ریز ئه م باسه ی پێ سه یر بێ . به لام ئه گه ر به وردی له ومـه سه لانه بکۆلینه‌وه ئه وانه ی باسمان کردن هه ریه ك به نۆره ی خۆیان له به هێزی و لاوازی هـه ستی نه ته وایه تی ونیشتمانپه روه ری دا ته ئسیریان هـه یه .

www.kerimhisami.com

## خوێنەری بەڕێز و خۆشەویستی کورد!

من لەم چەند لاپەڕەدا نە ویستوومە مێژووی کورد بنووسم نە لە توانامدا هەیە. تەنیا ویستوومە هێندێ مەسەلە بخەمە ڕوو کە بەلای منەوە لە دواکەوتوویی و بەشخوراوی و بندەستی گەلی کورددا بێ تەئسیر نەبوون. لەوانەیە زاناونوسەرانی کورد لەگەلم هاودەنگ نەبن. کە یقی خویانە. ڕەنگە هیچی تازەم نەگوتبێ. بەلام کوردەکە ئەوەندە بەشخوراوە، ئەوەندی زولمی لێ کراوە، ئەوەندە باسی قەزا و قەدەر و بەهەشت و دۆزەخ و شوکرانە بژێری بۆ کراوە، ئەوەندە بەیت و باوی موزەخرەف و دوور لە ئاقلی لە مێشك ئاخنراوە، هەرچەند لە باری میللیەت و کوردایەتی ڕێبازی پێشکەوتنخوازی و هاندان بۆ کوری خەباتی دژی ئیمپریالیستی و دژی کۆنەپەرستی، بۆی بنووسی و بۆی باس بکەی کەمە.

سالێك لەگەڵ برادەرێك چوومە سابلاخ. دۆستێکی ئەو بە ناوی کاك غەفور بۆ نان خواردن لە سەوزیخانە بانگی کرد بووین. ئەوان باسی باوکی غەفوریان دەکرد کە بەرەحمەت چوو بوو. نازانم چۆن بوو لێم پرسی:

– ئەری کاك غەفور باوکت هیچی لە پاش بەجێ ما؟

– بە ناشکوری نەبێ هیچمان نەبوو. هیچی بۆ بەجێ نەهێشتم. بەلام لە سەرەمەرگدا بانگی کردم گوتی: "ڕۆڵە غەفور من دەمرم. هیچم بۆ بەجێ نەهێشتوی. بەلام وەسیەتیکم هەیە بە قسەم بکە. هەتا دەمری هەرچەقە هەرچەقە شتێکی لێ پەیدا دەبێ."

منیش لام وایە لە باری خەبات و کۆڵنەدان و کوردایەتی پێشکەوتنخواز و وریا کردنەوەی خەلك و تێگەیاندنیان، هەرنووسین و هەرگوتن وەهەرچەقە.

دەبا بە ڕاشکاوی بە خەلك بلێین تێیان بگەیەنین کە کورد کوردە. خاوەنی خاك و ولات و زمان و مێژوو داب و نەریت و فەرهەنگی نەتەوایەتی خۆیەتی. دوژمنی هیچ گەل و نەتەوەیەك نییە. گەلانی جیهانی خۆش دەوی. دەیەوی لە گەل گەلانی دراوسی بە برایەتی بژی. دەیەوی خەباتی خۆی بۆ ڕزگاری لە بندەستی لەگەل خەباتی دژی ئیمپریالیستی زەحمەتکێشانی گەلانی دراوسێ تێکەل بکا. نایەوی چیدی بندەست و بەشخوراو بێ.

با کوردەکە تێ بگەیەنین کە بندەستی و بەشخوراوی کورد کاری خوا نییە.

www.kerimhisami.com

بەقەزا و قەدەری ئەوتۆرازی مەبن . با زەحمەتکێشانی کورد فەرمبن چیدی فریوی نەم بەیتو باوەنەخۆن . چیدی فریوی سەودا گەرانی سیاسەت نەخون . با فێر بن هەلچەرخێنەوە . زار بکەنەوە . زمانیان بگەرێ . چیدیکە مل رانەکێشن . ئاغا بەلێ. بۆشیخ ومەلاو زوردار و دەرەبەگان نەلێن . حاجی قادری کویی ئەمانەی باش ناسیوە کە دەلی :

سەد شیخ و مەلا و ئەمیر و خانی
بۆ لەزەتی عەیش و زیندەگانی
لەولاوە ئەوان بە حیلەبازی
لەم لاوە ئەمان بە تەقلەبازی
قوریان بە هەموو ولاتەوە دا
تا مولك و رەعیە پاکی فەوتا

حاجی مستەفا پاشای یاملکی ئەفسەریکی پایەبەرزی ئیمپراتوری عوسمانی بوە . ئەوەندەی زولم وزوری تورکە موسولمانەکان دیوە لەداخان وازی هێناوە و هاتوتەوە سولەیمانی . بەلام چی کردوە ؟ . چۆن خەلکی فێر کردوە، زمانیان بگەری وە دەنگ بێن و دەست بکەنەوە .؟ هەموو روژێ بەیانیان جلیکی تەرو تازەی لەبەر کردوە چۆتە مەیدان کە ئاژەلودار و ئاوردووی لێ فروشراوە . کەیوەتە کابرای گوندی کە بارەداری پێ بوە و ویستوویە بیفروشی . بێ یەك و دووگو توویە . سەگباب وا وا لێ کراو ئەم بارەدارەت بەچەند ؟ . ئەگەر کابرا ملی حیزکردوە و جوێنی بێ نەداوەتەوە لێ ی تورە بوەوگو توویە . "کابرا توش زمانت هەیە بۆ وا خوێری ؟ بۆ جوێن نادەیەوە ؟ . چونکە وا خوێری لێت ناکرم . ئەگەر کابراش لێ ی هەلگەراوەتەوە و گوتوویە . "سەگباب بۆ خوتی و ئەولاتریش". لە ئامێزی گرتوە وگوتوویە . " ئالەبەر زارت مرم . قوربانت بم . تۆ پیاوی دە فێر بن وە دەنگ وەرن و جوێن بدەنەوە ".

( ئەم نەقلە کاك حەسەنی قزلجی بۆی گیراومەوە ) . بەلای منەوە خزمەتیکی گەورە بوە . دەبێ کوردە کە فێر بێ وەدەنگ بێ، نەپارێتەوە، شوکرانە و پارانەوە پوولیك ناکا با فیر بێ دەست بکاتەوە . هاوار بکا، لی بدا نەبەزی " لەسەر داوا رەوا کەی سور تر بێ ". با زمانی خۆی فیر بێ . با بەکوردی لەقەبردا وەلامی مەلائیکەتە رموزنە کانیش بداتەوە . ئەگەر ئەوان کوردی نازانن، با برۆن وملیان شکێ . با فێر بێ ریز لەداب و شوین و فەرهەنگی نەتەوایەتی خۆی بگری . رابردووی میژووی خۆی بزانی و مندالەکانیشی لە رابردووی خەباتی میللەتەکەی شارەزا بکات.

www.kerimhisami.com

با ( پایزه و ئایشه گول و سواره وئازیزه و حه بیران و به یتی دمدم و له شکری و ...
برایموك و مه م و زین و ناسر و مالمال و سیامه ند و خه ج و سه یده وانی بیّ له
به یتی به هنه سا و محه مه د حه نیفه و ئیمامی هه مزه و دروده له سه ی تر به نرختر و
خوشتر بی . با ناوی ( چیا و شوان وگوران و شورش و نه به ز شلیر و ژوان و زوزان و
روناکی بیّ له ناوی عبد الغفار وعبد الرحمان و هاشم و زه ینه ل وهوشه نگ و خه دیجه و کلسوم
و میترا و مهوش ) خوشتر وجوانتر بی .
بلاوبوونه وه ی ناوی کوردی مه سه له ییکی که م نیه و نابیّ به که می بزانین .
برا کورده کانی ئه و دیوله و باره وه هه نگاوی به نرخیان هاویشتوه و هه ستی نه ته وا
یه تیان گه رمتر راگرتوه . بوّ پاشکوّی ئه م ناسیلکه یه به یارمه تی هیّندی له هاوری یان
نیزیکه ی ... ه ناوی کوردی و له کوردی نیزیکم کو کردوته وه بوّ ئه وه بگاته ده ستی هاونیـ
نیشتمانانی به ریّزی کورد و به دلّیان بیّ و که لکی لیّ وه رگرن .
نووسراوه که م به م دوو شیعره ی زاناو فیلسوفی کورد حاجی قادری کوّیی کوتایی
پیّ دیّنم . داوا له خوینه رانی به ریّزد ° که م ئه گه رکه م و کوریه کیان بیّته به رچاو بم بورن .

"حه سره تم هه ر ئه وه له دنیادا "
"حاجی ده مریّ و به ده ورتا ن نا گا" !
" من له خه م خوّری ئه م قسانه ده که م"
" وه ر نه په شمه له لام هه مووعا له م

www.kerimbalsami.com

## ناوی مندالان بو کور

پیتی ئه لف وبێ ر...

ئاراس
ئارام
ئاری
ئازاد
ئازا
ئازیز
ئاژوان
ئاژو
ئاسو
ئاسوس
ئاشنا
ئه ژی
ئاکۆ
ئامانج
ئاکام
ئاگری
ئالان
ئاوات
ئاواره
ئه رارات
ئه رده لان بیکه س
ئه نوه ر
ئه میر
ئومێد
ئاوده ل
(بێ)

بارام
بابان
بارزان
بابیر
باسۆ
باشۆ
باوه
بایز
بزوز
بروا
بروسکه
بێزار
بێباك
بێستون
بێتوش
باخه وان
به نگین
به ستێن
بلباس
به درخان
بلیسه
بۆتان
بۆشناخ
(پێ)
پاڵه وان

پیران
پێناو
پیروت
په ژوان
په ژمان
پشتیوان
پشکۆ
پۆلا
په شێو
په روش
(تێ)
تایر
تاویر
ته لان
ته نیا
تۆلـه
ته رخان
تیله کۆ
(جیم)
جوانرو
جوامێر
جه مال
جه لال
جوان
جه وهه ر
جه رده

جوتیار
جه مو
(چیم ؟)
چالاك
چیا
چه کۆ
چه تو
چه تون
چه ته
چکۆل
(خێ)
خانی
خه بات
خه نجه ر
خۆشناو
خۆشه وی
(دال)
دارا
داره وان
دلسوز
دلشاد
دلزار
ده رسیم
دیاکۆ
(رێ)
رێبه ر

ره شۆ
رزگار
ره زا
ره شید
ره شۆڵ
ره به ن
ره نجبه ر
ره زبه ر
ره شکۆ
ره وه ند
ره وه ز
رێباز
رێبوار
رێبین
رۆژ
(ژێ)
ژاوه رو
ژیان
ژیر
ژیوار
ژین
ژیله مۆ
(سین)
سامان
سامال
سام ره ند

سام سام
سا سان
سالاژ
ساکار
سه روه ر
سمکۆ
سه رکه وت
سه رلك
سه رباز
سه ردار
سه رمه ست
سه ربه ست
سه یده وان
سه رشێت
سه ربه رز
(شین)
شاره زا
شاهۆ
شاخه وان
شا سوار
شاکار
شا باز
شه پۆل
شوان
شه نگه
شه مزین

www.kerimhisemi.com

شه مال
شێرکۆ
شێر زاد
شێر وان
شۆڕش
شکاك
( فی )
فریا
فه رهاد
فه رامه رز
فه رزاد
( قاف )
قاره مان
قه ره نی
قه ندیل
( کا ف )
کاروان
کارساز
کار زان
کاوان
کاوه
کامران
کا کۆ
کا کل
کا روخ
کا نه بی
کر مانج
که یوان
کۆشره ت

کۆرد ان
کورد ۆ
کو ته ك
که ند ال
کۆچه ر
که مال
( گاف )
گاوان
گۆران
گۆپال
( لا م )
لا و
لا وك
لا وچاك
لا لۆ
له وه ند
لێ زان
له تیف
( میم )
ما د
مراد
مه رۆف
مزگین
میر کۆ
مه لکه وان
مه زن
مه رد وخ
مه م
مه ریوان

موکریان
میران
( نو ن )
ناو دار
ناسراو
ناکام
نا لی
نیا ز
نیزار
نه وروز
نه به ز
نه رکه
( وا و )
و ر یا
وه فا
وه تمان
وشیار
ویژد ان
وه ر زیر
( هی )
ها وار
هاو ری
هاو کار
ها ڤال
هه ژار
هیمن
هه لگورد
هیوا
هه لمه ت

هه لۆ
هه ژان
هێژا
هێدی
هو مید
هه وری
هه باس
هێرش
هه وراز
هۆمه ن
هۆمل
هه ند رین
هه ورامان
هۆگر
( ناوی کچان )
( پیتی ئه لف )
ئا ره زو
ئاسك ئاشتی
ئا لا
ئاڵ ئاڵ
ئاڵتون
ئاڵی
ئاگرین
ئافتاو
ئامان
ئاورنگ
ئاونگ
ئاوێنه

ئه خته ر
ئه سمه ر
ئه ستی
ئه فشین
ئه تله س
ئه ستێره
ئه میره
ئه لماس
ئه فسه ر
ئێران
( بی )
باخچه
بسێری
بێری وان
بیزا
بێگه رد
بێخال
به فرین
به فراو
به یان
به هار
به هێ
به لار
به ناز
به یبون
بلور
بسکان
بۆن خوش

بژوێن
بزوێن
بروا
( پی )
پا راو
پاکاو
پاوان
په خشان
په ری
په ریزاد
پژو
په روانه
په رژین
پر شنگ
په ری ناز
په شمین
په شمه ك
په پوله
پیروز
په ری سا
( تی )
تارا
تاڤگه
تاقانه
تاوس
تریفه
ترو سکه
ته وار

www.kerimbisami.com

ته نك
ته لار
ته لا
تيشك
توران
( چيم )
چاو كال
چاو ره ش
چاو جوان
چاو خومار
چاو مه ست
چيمه ن
چرۆ
چه م چه م
چين چين
چه مان
چنور
چوار باخ
چراخان
چلچرا
چۆپى
چنار
( خـى )
خارا
خاتون
خاتو زين
خانم
خانزاد

خانمۆل
خاوخاو
خاوێ
خاسێ
خاڵخاڵ
خاڵدار
خـرێ
خه یاڵ
خوناوه
خنجيلانه
خه رمان
خه ندان
خه رامان
خۆشه ويست
خاوه ر
خه زاڵ
( دال )
دڵپاك
دڵرفين
دڵدار
دڵخواز
دڵان
دڵسوز
دڵته ر
دڵنارا
دولبه ر
دیاری
دیمه ن
دلال

( رى )
راز
رازاوه
رابـى
روناك
روو پاك
روخسار
رۆژان
روزانه
رۆژنـه
روو سور
رۆژگار
ريحان
ره عنا
ريْواس
ره نگين
ره زان
( زى )
زارا
زۆزان
زيبا
زێن
زێرن
زريزه
زه ماوه ند
زێردار
زێده
( ژى )

ژوان
ژالـه
ژيوار
ژاكاو
ژيكه له
( سين )
سازان
ساكار
سازگار
ساوێن
ساوا
سامال
سه رگول
سه رچل
سه برى
سـه ما
سێوێ
سـرو ه
سه يران
سۆزان
سوێسن
سه وزه
سوراو
سولاو
سه فين
سۆما
سۆنـه
سۆزگه

( شين )
شازى
شادى
شاناز
شلير
شيلان
شيرين
شه كراو
شه رمين
شـنه
شـه مى
شـنو
شه ويۆ
شه ونم
شه مامه
شه وه
شلك
شه لال
شه يدا
شوشـه
شۆرى
شه مزاو
شه وجوان
شه وگار
شه وين
شه وچرا
شه مام
( فى ـ قاف )
فينك

فرشته
قورنك
( كاف )
كابان
كاڵێ
كانى
كانياو
كه ژال
كه ژێ
كه وێ
كه زى
كه ژاو
كه وكه و
كه نيره
كه وسه ر
كوردستان
كويستان
( گاف )
گه لاويژ
گولاله
گوله باخ
گولان
گولزار
گوانار
گولستان
گولێ
گول به هار
گه زيزه

www.kerimhisami.com

که رمێن
گه شین
گیانه
گز نگ
گوڤه ند
گوڵچین
گه شاو
گولاو
گوڵناو
گه ردانه
گیلاس
گوڵ به ده م
گوڵندام
گوڵ خونچه

( لام )

لاله
لاولاو
لا وێ
لاوێن
لای‌لای
له یلا
له نجه
لیمو

( میم )

مانگه شه و
ماجه مین
ماجه هان
مێرێ
مه هاباد
موژده
مه ستانه
مه ستوره
مینا
مروّت
مه له ك
مونیر
مێلاق
ملوك
مریه م
مێخه ك

( نون )

ناسکول
نازی
نازدار
نازه نین
ناسکه
ناوجوان
نازناو
نه رمێ
نه رموّڵ
نه رمین
نه سرین
نه خشین
نه شمیل
نیشتمان
نێرگس
نوّبه ر
نه مام
نیان
نوقله
نه خشاو
نیگا
نه و نه مام
نوخشه
نه بات

( واو )

وه نه وز
وه نه وشه
وێنه

( هێ )

هانا
هاوراز
هاوژین
هاوسه ر
هاوده م
هه تاو
هه رمێ
هه لاله
هه وری
هه ریر
هه وێن
هه راو

www.kerimhisami.com